# دەمارگیری دۆستەکی و هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵات لەگۆشەنیگای ئیبن خەلدونەوە

**کەیوان ئازاد ئەنوەر[1] و عەلی عەبدولڕەحمان خدر[2]**
[1]بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مروڤاییە تییە کان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستە مروڤاییە تییە کان،زانکۆی ڕاپەڕین، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق

**کورتەی توێژینەوە**

لەنێو بابەتەکانی فەلسەفەی مێژوودا، پێکدانی شارستانییەکان بەیەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێ، کە سەرنجی بیرمەندێکی دیاری وەك (ئیبن خەلدون)ی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو ساڵانێکی تەمەنی خۆی پێ بەسەر برد. لەو بابەتەشدا چووە نێوشیکاری راڤەی شارستانییەت بۆ مێژوو لەسەر بابەتی ژیان و دەوڵەت و دەسەڵات، کە هۆکاری کۆکەرەوەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی و ڕێکخستنیان بووە لە مێژوودا. هەربۆیە مەبەستی بوو بگاتە هۆکارەکانی دەرکەوتن و ڕووخانی دەسەڵاتەکان لە مێژوودا و ئەو هۆکارانەی لەپشت سەری دەرکەوتن و ڕووخانی هەر دەسەڵاتێکەوە بوون. لەوبوارەشدا (دەمارگیری) وەك چەمکێکی فەلسەفی بۆ دامەزراندن و ڕووخانی دەوڵەت لە مێژوودا بەکارهێنا، کە سەرجەم دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی مێژوو بە گشتی و قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست بەهۆی جۆرێك لەجۆرەکانی دەمارگیرییەوە دامەزران و ڕووخان.

لەو چوارچێوەیەداو بەو پێیەی میرنشینی (دۆستەکی-مەروانی) یەکێك بوو لە دیارترین میرنشینەکانی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، نموونەیەکی بەرچاوبوو، کە ئەو تێزەی (ئیبن خەلدون)ی بەسەردا بچەسپێت، کە لەنێوان ساڵانی (372-478ك/982-1085ز) ڕۆڵی خۆی گێڕا، بۆیە هەوڵماندا تێزەکەی (ئیبن خەلدون) بەومیرنشینە بەراورد بکەین. بۆئەم کارەشمان، کە لە بنەڕەتدا بەشی دووەمی نامەی ماستەر (عەلی عەبدولڕەحمان خدر)ە و (پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر) سەرپەرشتی کردووە، وەك توێژینەوەیەکی سەربەخۆ بەکارمان هێناوە. توێژینەوەکەش لە (پێنج) باسە پێکهاتووە، کە هەریەك لە باسەکان لایەنێکی بۆچوونەکانی ئەو بیرمەندەو بەراوردکردنیان بە دەوڵەتی (دۆستەکی-مەروانی) تێدا شیکراوەتەوە. لە باسی یەکەمدا ناساندنێکمان بۆدەوڵەتی (دۆستەکی-مەروانی) کردووە. مەبەستیش لەم باسە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە بۆ ئەم حکومەتە بە دوو ناوی (دۆستەکی-مەروانی) ناسراوە؟ باسی دووەمیش بۆ دەمارگیری خەلدونی تەرخانکراوە، تا لەڕووی چەمك و پێناسەو جۆرەکانی دەمارگیرییەوە بۆ بۆچوونەکانی ئەوبیرمەندە بڕوانین. باسی سێیەمیش بۆدەرکەوتنی دەمارگیری و ڕەوشت و کارو هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوونی دیاریکراوە. لەباسی چوارەمیشدا بنەچەو ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی خراوەتە ڕوو. بەوەش هەوڵمانداوە بەراوردی ئەوبۆچوون و تێزەی (ئیبن خەلدون) ببەستین بەو حکومەتە کوردییەوە. دوا باسیش، کە باسی پێنجەمە بۆدەرکەوتنی وهەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتی دەوڵەتی (دۆستەکی-مەروانی) تەرخانکراوە لەسەر بنەمای دەرمارگیری خێڵەکی. دواتر ئەو ئەنجامانەی، کە لەکۆی ئەم توێژینەوەیەدا پێگەیشتووین، لەپاڵ ڕیزبەندی لیستی ئەوسەرچاوانەی بۆئەم توێژینەوەیە سوودمان لێوەرگرتووە، کۆتاییمان بەکارەکەمان هێناوە. هیواداریش کارێکی زانستی و ئاکادیمیمان بە ئەنجام گەیاندبێت.

## پێشەکی

(دەمارگیری دۆستەکی وهەنگاوەکانی بەرەودەسەڵات لەگۆشەنیگای ئیبن خەلدونەوە) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە هەوڵمانداوە کارێکی زانستی لەسەر بکەین. ئامانج لەوکارەشمان بەراوردکردنی بۆچوونێکی ئەو بیرمەندە ئیسلامییەیە لەسەر دەوڵەتێکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی، کە لە هەرێمی (جزیرە)و لەسەر دەستی (باز ئەبو شوجاعی کوڕی دۆستەك) دامەزراو (ئەبو عەلی مەروان)ی خوشکەزای پەرەی پێداو سەروەرییەکانی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی پاراست. بەوەش وەك دەوڵەتێك بە (دوو) ناوی (دۆستەکی-مەروانی) چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە. خودی دەوڵەتەکەش لەگەڵ ئەوەی لەنێوان ساڵانی (373-478ك/982-1085ز) دەسەڵاتداریێتی بەسەر هەرێمی جزیرە و دەوروبەریدا هەبوو، بەڵام دوای نزیکەی (چوار سەدە) واتە لەنێوان ساڵانی (732-808ك/1332-1406ز)دا (عەبدولڕەحمان ئیبن خەلدون) دوای بەدواداچوونی بۆمێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی دەوڵەت و سیستەمە سیاسییە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، چەندین بۆچوونی لەسەریان خستەڕوو، تا پێمان بڵێ زۆربەی هەر زۆری دەسەڵاتەکان لەیەك دەچن و بەیەك شێواز کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبن. هەروەها باسی لەوە کرد، کە هەر دەسەڵاتەو هەستی دەرمارگیر بۆ هێز یان بنەماڵەو تیرە و خێڵ و هۆزێك هەیە و هەمووان پێوەی پابەندن. ئێمەش لەلای خۆمانەوە هەوڵماندا یەکێك لەوتێزانەی، کە باسی لە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 4، العدد 2(2018) ؛عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v4n2y2018.pp1-13
أُستلم البحث في 18 كانون الثاني 2018؛ قُبل في 1 نيسان 2018
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 30 حزيران 2018
البريد الإلكتروني للمؤلف :kaiwan.anwer@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2018 کەیوان ئازاد ئەنوەر و عەلی عەبدولڕەحمان خدر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(دەرمارگیری) کردووە، بەدەسەڵاتێکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست بەراوردی بکەین، کە حکومەتی (دۆستەکی-مەروانی)یە. بۆ ئەومەبەستەش توێژینەوەکەمان بۆ (پێنج) باس دابەشکرد. لە باسی یەکەمدا ناساندنێکی کورتمان بۆ دەوڵەتی (دۆستەکی-مەروانی) کردووە. باسی دووەمیشمان بۆ دەمارگیری خەلدونی تەرخانکردووە، تا لەڕووی چەمك وپێناسە وجۆرەکانی دەمارگیرییەوە بۆچوونی ئەو بیرمەندە بزانین. باسی سێیەمیش بۆ دەرکەوتنی دەمارگیری ورەوشت وکار و هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوونی دیاریکراوە. باسی چوارەمیش بۆ بنەچە و ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی تەرخان کراوە. بۆ ئەو کارەشمان پشتمان بە چەندین سەرچاوەی کۆن و نوێ بەستووە، کە لە نێویاندا هەردوو بەرهەمەکەی ئەو بیرمەندە بەناوەکانی (المقدمە)و (العبر و دیوان المبتدأ والخبر فی أیام العرب والعجم والبربر، و من عاصرهم من ژوی السلگان الأکبر) ناسراو بە (تاریخ أبن خلدون)ھ، تا لە ناوەڕۆکی خودی بەرهەمەکانییەوە بۆ تێزی (دەرمارگیری) بڕوانین، کە ئەو جەختی لەسەر کردۆتەوە. دوا باسیش، کەباسی پێنجەمە بۆدەرکەوتنی وهەنگاوەکانی بەرەودەوڵەتداری چوونی دەمارگیری دۆستەکی تەرخانکراوە. دواتر بەئەنجامێك کۆتایمان بەکارەکەمان هێناوە، کە هەردووتوێژەر پێی گەیشتوون. بەدوایدا لیستی ئەوسەرچاوانەمان ریزبەندکردووە، کە بۆئەم توێژینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە. هیواداریشین توێژینەوەکەمان ئامانجی خۆی پێکابێت و لەو کارە بەراوردەدا بە ئەنجامێکی زانستی گەیشتبین.

**1. ناساندنی میرنشینی دۆستەکی (مەروانی):** میرنشینی دۆستەکی (مەروانی) بەیەکێك لەدیارترین میرنشینە کوردییەکانی نێومێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێ، کە ڕۆڵێکی دیاری لەڕووی سیاسی وزۆربەی ڕەهەندەکانی شارستانییەکانی سەردەمەکەیدا هەبووە (ئاکو بورهان2008، ل23). ئەو میرنشینە کوردییە لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی جزیرەدا دەرکەوت((امیدي2006، صص(177-180) ))و لە ساڵی (372ك/982ز)، دامەزراو لەساڵی (478ك/1085ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی هات(عبدالرقیب یوسف1972، ص8، اسماعیل شکر2001، ص103، الخلیل2013، ص242، د. زرار توفیق صدیق2010، ل192، جلبي2013، صص78-79، خالید علی رسول2010، ل100، بابان زادە2012، لل73-74). سەبارەت بە ناوی دەوڵەتەکە لە سەرچاوەکاندا جیاوازی دروست بووە، هەندێکیان بەناوی (دۆستەکی) ناوزەدیان کردووە (یوسف، 14/1، المائي1960، ص100، فائزة محمود عزت، بلا، ص50). هەندێکی تریش بە (دۆستەکی-مەروانی) ناویان هێناوە ((د.جمال رشید احمد1994، صص(203-230)، بابان2004، ل97، نیشتمان بشیر2006، ل26، ، الخلیل، ص242) . لای (ڕۆزراوەردی)یش بە (دۆشنێك) هاتووە (1916، 84/3).. (حوسێن حوزنی موکریانی)ش (باز)ی بۆ زیادکراوە بە (دۆشنێك - باز) ناوی هێناوە (2007، 14/1). (شەرەفخانی بەدلیسی)ش بە (فەرمانڕەوایانی دیاربەکر و جەزیرە) تۆماری کردووە (2006، ل29). (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ)یش (دۆستەکی) و (مەروانی) بە دوو حکومەتی جیا باسی کردووە((2012، (49/2،44) )). جگە (ڕۆزڕاوەردی)ش لەسەرچاوە کۆنەکاندا بە (بەنی مەروان) هاتووە (العمراني1999، ص201، أبن الاثیر1987، 415/7، أبوالفداء بلا، 126/2، الذهبي1994، 26/32، أبن تغربردي1999، 155/5)، و زۆربەی سەرچاوە نوێیەکانیش هـەر لە سەر شێوەی سەرچاوە کۆنەکان بە (مەروانی) ناوزەدیان کردووە(بولاندیان1994، ص196، زامبارو1980، ص206، التکریتي1970، ص58، کامران عزیز2012، ل54).

هۆکاری ئەو جیاوازی ناولێنانەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، کە لەسەرچاوە کۆنەکاندا ئاڵۆزی و ناڕۆشنی و جیاوازی هەیە لەنێوان بنەماڵەیەی دامەزرێنەر کە (دۆستەکی)یە، لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەی کە زۆرترین ماوەی دەسەڵاتی میرنشینەکەی بە دەستەوە بووە، کە (مەروانییە)، لەگەڵ پەیوەندی ڕەچەڵەکی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە. بەو پێیەشی لەو سەردەمەدا میرنشین یان دەوڵەت زیاتر بە ناوی هۆزەوە یان بنەماڵەوە ناودەنرا، وەك (ئومەوی، عەبباسی، بووەیهی، سەلجوقی، عوبەیدی.....تاد) یان دەسەڵاتە کوردییەکانی وەك ( ڕەوادی، شەدادی، حەسنەوی، عەننازی، مەروانی، ئەیوبی....تاد)، بۆیە ئەو ناوەش لەو مێژووەوە بەدەر نەبووە. کێشەکەش لێرەدا ئەوەیە، کە ئەگەر ئەو دوو بنەماڵەیە بە دوو بنەماڵەی جیاواز دابنێین و دەوڵەتەکەش بە ناوی یەکێکییانەوە بێت وەك سەرچاوە کۆنەکان و زۆربەی سەرچاوە نوێیەکان کردوویانە و تەنها بە ناوی بنەماڵەی (مەروانی) ناویان هێناوە، ئەوە ڕۆڵی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی بنەماڵەکەی تر لە ناولێنانی دەوڵەتەکەدا فەرامۆش دەکرێت(بابان زادە، ل15). خۆ ئەگەر بە دوو میرنشینی جیا دایانبنێین وەك (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) کردوویەتی کێشەی پەیوەندی ڕەچەڵەکی دێتە ئاراوە، چونکە لە هەندێ سەرچاوەدا بەیەك بنەماڵە دانراون. پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە ئایا پەیوەندی ڕەچەڵەکی نێوان (دۆستەکی) و (مەروانی) چییە؟ ئایا یەك بنەماڵەن یان جیان؟ لەکاتێکدا زۆربەی سەرچاوە نوێیەکاندا پەیوەندییەکە تەنها خاڵ و خوارزایەتییە، کە میری یەکەمی مەروانییەکان خوارزای میری دامەزرێنەری دۆستەکیە. ئەمەش بەپشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەك لەسەرچاوە کۆنەکان(الروذراوردي، 178/3، الفارقي1959، ص59، أبن الاثیر، 443/7، لازاریف2012، ل96، المائي، ص101، عبدالرقیب یوسف، ص122، قادر محمد حسن2011، ص47، د. زرار توفیق صدیق، ل198، نیشتمان بشیر، ل27، الخلیل، ص225، ئاکو بورهان، ل30)، بەڵام لە هەندێکیاندا پەیوەندییەکە مام و برازایەتییە، کە میرەکە برازایەتی نەك خوارزا(الانطاکي1990، ص208، ابن العدیم، بلا، 1130/2، الدواداري1961، 216/6/1، بورکای، ل154).

کێشەیەکی تر ئەوەیە، کە لە هەندێك سەرچاوە کۆنەکاندا لە ڕەچەڵەکی مەروانییەکاندا دوای ناوی (مەروان) ناوی باوکی نەهاتووە(الشنتریني1979، 477/4/2، ابن الجوزي1992، 70/16، أبن الاثیر، 356/8، أبن أبي أصیبعة، بلا، ص329، أبي الفداء، 180/2-181)، لای بەشێکی تر لە سەرچاوەکان (دۆستەك) باوکی (مەروان)ھو هەردوو بنەماڵەکە یەك ڕەچەڵەکن(أبن العدیم، 1130/2، أبن خلکان، بلا، 177/1، الذهبي1985، 300/2، الصفدي1982، 176/8، أبن العماد1991، 225/5)، لای (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) ناوی یەکەم میری مەروانی بەم شێوە هاتووە: (ئەبو عەلی حەسەن کوڕی مەروان دوسنك)(49/2)، بەڵام لای (فاریقی) باوکی (مەروان) ناوی (کەك)ھ(ص59).

کەواتە ئەگەر میری یەکەمی مەروانییەکان تەنها خوارزای دۆستەکییەکان بێت، جیاوازییەك لە بنەماڵەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر برازای بێت و باوکی (مەروان)یش (دۆستەك) بێت ئەوە دەبێت بلێین دەوڵەتەکە دۆستەکییە، چونکە مەروانییەکانیش هەر لە ڕەچەکی دۆستەکین، بەڵام (فاریقی)، کە خۆی خەڵکی ناوچەکە بووەو هاوسەردەمی دەوڵەتەکەش بووە، ناوی باوکی (مەروان)ی بە (کەك) هێناوە، بۆیە ئێمە پێمان وایە ڕەنگە گونجاوتر بێت، کە ناوەکەی بە دۆستەکی (مەروانی) بهێنرێت، چونکە بۆچوونەکان کۆدەکاتەوە و ڕۆڵی هەردوو بنەماڵەکەش لە دەوڵەتەکەدا وون ناکات.

**2. دەمارگیری خەلدونی چەمك و پێناس و جۆرەكانی:**

2-1: دەمارگیری لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە: لە زمانی عەرەبییدا (التعصب) بە واتای پێچانەوە ولوولدانێكی بەهێز هاتووە. (العصب)یش واتای دەمار و ماسولكە دەگەیەنێت، وەك دەگوترێ (عصب الشيء يعصبه عصبا) واتە پێچایەوەو لوولیدا. وشەی (العصبیە)ش بە واتای قەناعەت پێهاتن و ڕازیبوون هاتووە، وە (التعصب) لە (العصبیە)هوە هاتووە، كە بە واتای ئەوە دێت مرۆڤ بانگەواز بكات بۆ خزم و كەسوكاری خۆی و لەگەڵیاندا گەلەكۆمەكێ بكاتە سەر ئەوانەی دژایەتییان دەكەن، جا ستەمكاربن یان ستەملێكراو. و (عصبە الرجل) واتە منداڵ و خزمە نزیكەكانی لە باوكییەوە، و (العصبە و العصابە) بە كۆمەڵێك خەڵك دەگوترێ، كە ژمارەیان لە نێوان (دە) كەس تاكو (چل) كەسدا بێت21، لە قورئانیشدا وشەی (عصبە) چوار جار دووبارە بۆتەوە كە هەر چوار جارەكە بە واتای گروپێك لە خەڵك بەكار هێنراوە((سورة يوسف: الاية/14،8، سورة النور: الاية/8، سورة القصص: الاية:76).

2-2: دمارگیری لە ڕوانگەی زاراوەوە: دەرمارگیری لە دیدی (ئیبن خەلدون)هوە بە (العصبیە) گوزارشتی لێ كراوە. لای ئەو لە ڕەگەزە هەرە گرنگەكان بووە لە دەوڵەتداو هۆكاری بەردەوامبوونیشی بووە، چونكە دەمارگیرییەكە پاڵ بە خەڵكەوە ناوە گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار بن، وە لاوازبوونی دەمارگیرییش وایكردووە ئەو گوێڕایەڵییەیان نەمێنێت و ببنە هۆكاری هەرەسی دەوڵەت(اللهيبي2008، ص75).

دیارە زۆربەی توێژەرانی بواری زانستەكانی مێژوو و كۆمەڵناسی و فەلسەفەش، هەوڵیانداوە لە نهێنی ئەو وشەیە تێبگەن، كە دمارگیرییە لە بیری (ئیبن خەلدون)دا(الدراجي2003، ص16). زۆربەی ڕاڤەكارانی وشەكەش لەسەر ئەوە كۆكن، كە دەمارگیری بە واتاكانی (بەیەكەوە جۆشدرانی كۆمەڵایەتی) یان (گیانی دەسەبەری) گەیاندووە(المغربي1988، صص143-144)، بەڵام هەندێكیان ئەو گیانی جۆشدانە لە چەمكی نەتەوە (الأمە)دا بینیوەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە پەیوەندییەكان لە نەتەوەدا ڕەچەڵەكی و زمانەوانی و مێژوویین و بەپێچەوانەوە لەدەمارگیرییدا پەیوەندی نزیكایەتی وخزمایەتیین(النبهان1998،ص158). هەندێكی تر بەهێزێكی سیاسیان داناوە، كە پاڵنەر بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەت(الخضري1989، ص187). هەر لەو سۆنگەشەوەیە هەندێكی تر پێیان وایە لە كۆمەڵێكی گەورەتر لەهۆز خۆی بینیوەتەوە ئەویش بە تێگەیشتنی ئێمڕۆ حیزبی سیاسییە، چونكە حیزبی سیاسییش ئامانجی گەیشتنە دەسەڵاتە وەك دەمارگیرییەكەی (ئیبن خەلدون)، بەڵام بەمەرجێك لەحیزبەكەدا ئەو خەسڵەتانە كۆببنەوە، كە لەدەمارگیرییدا هەن، وە یان ئەوە سوپایە كە ئەویەكگرتن وجۆشدرانە لەخۆدەگرێ، بگۆڕێ بۆحیزبێكی سیاسی(سلطان2001، ص35، الحجاوي2012،ص15). (موحەممەد عابید ئەلجابیری) پێی وایە، كە گروپ (الجماعە) دەگەیەنێت بەڵام نەك چەمكی گڕوپ بەڕەهایی، بەڵكو تەنها خزم ونزیكەكانی كەسەكە ئەوانەی پەیوەستن پێوەی(الجابري1994، ص168).

سەبارەت بە پێناسەكردنی چەمكەكەش چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە(الملاح2007، ص140، الدراجي، ص19، النشار1999، ص290، الشكعة1992، ص69)، بەڵام ئێمە چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو، كە پێمان وایە ئەم چەند پێناسەیە واتای پێناسەكانی تریش لە خۆ دەگرن، یەكێك لەو پێناسانەش، پێناسەكەی (موحەممەد عابید ئەلجابیری)یە كە پێی وابووە ''دەمارگیری پەیوەستبوونێكی كۆمەڵایەتیی دەروونی هەستی (شعوری)و ناهەستی (لاشعوری)یە، كە تاكەكانی گڕوپێكی دیاریكراو بەیەكەوە دەبەستێتەوەو، لەسەر بنەمای نزیكی و خزمایەتی دروست بووە. پەیوەست بوونەكەش بەردەوامە و هەر كاتێك مەترسییەك هەڕەشە لە و ئەندامانە بكات چ وەك تاك یان گروپ، ئەو كاتە پەیوەستبوونەكە دەردەكەوێت و توندو بەهێز دەبێت(الجابري، ص168).

لە پێناسەیەكی تردا هاتووە ''دەمارگیری بریتییە لەو هەستە ناوەكییەی كە تاكەكانی هۆز بەیەكەوە دەبەستێتەوە، لە حاڵەتەكانی ڕووبەڕووبوونەوەدا سۆزەكان لە یەكتری نزیك دەبنەوەو تاكەكان هاوكاری یەكتری دەكەن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشەیان لێدەكەن، كە بە شێوەیەكی خۆكرد بەهەست و هۆشێكی هاوبەش دەجووڵێن، وە هەموویان بەدەم بانگەوازی یەكێكیانەوە دەچن لە حاڵەتی دەستدرێژی كرانە سەری، و ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر تاكێكیان بە دەستدرێژی بۆ سەر هەموو هۆزەكە دەزانن. هەر بۆیە هۆزەكە لە ژێر فشاری (دەمارگیری هۆزایەتی) یان (دەمارگیری تیرەگەری) دەجووڵێت بۆ بەدەمەوە چوونی ئەو بانگەوازەی كە بۆ بەرگریكردن لە خودی خۆیەتی''(النبهان، ص156). لەلایەكی دیكەوە كەسی دەمارگیر شانازی بە ڕۆڵەكانی و نەوەكانی كردووە، وەهەر شتێكیان تووش بێت لەسەری توڕە دەبێت، بگرە خەڵكیش دەكوژێت لە سەری بێ ئەوەی لە پاڵنەرەكەی بكۆڵێتەوە، وە بێ ئەوەی بەئاگادارییەوە ئەو كارە بكات، و بێ ئەوەی لێكۆڵینەوەش لە و هۆكارە بكات كە پاڵی ناوە بەو ویژدانەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە(الافغاني2002، ص323).

هەروەك ئەوەی (موحەممەد عابید ئەلجابیری) پێی وابووە ئەو دەمارگیرییەش لەسەر دوو بنەما وەستاوە، یەكەمیان (خزمایەتی)و دووەمیان (پەیوەستبوونە)، چونكە هەموو خزمانی كەسەكە ناچنە چوارچێوەی دەمارگیرییەكەیەوە بەڵكو تەنها ئەوانە بە دەماگیرییەكەی ئەژمێر دەكرێن كە بەردەوام پەیوەست بن پێوەی(الجابري، ص168). دیار ئەو دەمارگیرییە سروشتییەش لە ژیانی سارانشینییدا دەبینرێت، چونكە بارودۆخی ژیانێكی زبر و ڕەق خوازیاری پەیوەستی و جۆش درانێكی بەردەوامە لە نێوان تاكەكانی هۆزدا(غوردو2008، ص28).

2-3: دەمارگیری خەلدونی:

2-3-1: چەمكی دەمارگیری لە دیدی خەلدونییدا: دەمارگیری لای (ئیبن خەلدون) بەوە پێناسەكراوە، كە بریتییە لە "شانازی و سۆز و گرنگیدان و بە هاناوە هاتنی خزمەكان و نزیكەكان لەوەی كە دەستی ستەم بیانگاتی یان تووشی لەناوچوون بن، چونكە خزمی نزیك لە دەروونییدا هەست بە شەرمەزاری و شورەیی دەكات، كاتێك خزمە نزیكەكانی تووشی ستەم و دەستدرێژكاری دەبن، وە حەز دەكات خۆی بكەوێتە نێوان خزمەكەی و ئەو پەككەوتن و لەناوچوونانەی كە بە خزمەكەی دەگات. ئەمەش خواستێكی سروشتییە لە مرۆڤدا لەو كاتەی هەیە، جا ئەگەر پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان پشتگیرییكەران لە یەكتری زۆر نزیك بوو، ئەوە بەیكەوە جۆشدران و یەكگرتن دێتەدی و پەیوەستبوونیش بەیەكەوە زۆر دیار و ئاشكرا دەبێت، بەڵام ئەگەر خزمایەتییەكە دووركەوتەوە هەندێكیان فەرامۆش دەكرێن و بەس نازناوی (بنەماڵەكە یان هۆزەكە) دەمێنێتەوە، چونكە پشتگیریكردنەكەی بەهۆی نازناوەكەوە دەبێت، وە لایەنگریی و هاوپەیمانێتیش بە هەمان شێوەیە، چونكە ئەو كات شانازی و سۆز وگرنگییدانی دەمارگیری هەر یەكێكیان بۆ ئەوی تریان بەهۆی ئەو لایەنگریی و هاوپەیمانێتییەوە دەبێت(أبن خلدون2005، 207/1). لەوەرگرتنی بیرۆكەكەش پشتی بە فەرموودەیەك بەستووە، كە دەفەرمووێت ''تعلموا من أنسابكم ما تصلون به أرحامكم)(البخاري1997، ص55، الطبراني1995، 172/8، الحاكم1997، 274/4)، كە ئەو واتایەی لێوەردەگیری ڕەچەڵەك زانین سوودی هەیە بۆ بەیەكەوە گرێدران و جۆشدرانێك كە دەبێتە هۆی پێویستبوونی پەیوەندی

خزمایەتی و، بەمەش پشتگیری و سۆز بۆ یەکتری دێتە ئاراوە(أبن خلدون، 208-207/1).

2-3-2: جۆرەکان دەمارگیری خەلدونی: دەمارگیری لای (ئیبن خەلدون) دوو جۆرە یەکەمیان دەمارگیری تایبەتەو دووەمیشیان دەمارگیری گشتییە. دەمارگیری تایبەت ئە ودەمارگیرییەیە، کە لە نێو یەك هۆزدا دێتە کایەوە و دەمارگیرییەکی ڕکەبەرایەتییە لەنێوان تاکەکانی یەك هۆزدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام دووەمیان هاوپەیمانییە کە لەنێوان چەند دەمارگیری و چەند هۆزێکدایە(غوردو، ص28). کەواتە چەندین هۆزو تیرەو خێڵ ئەگەرچی بەیەکەوە دەمارگیرییەکی گشتی (هاوپەیمانی) پێك دەهێنن، بەڵام هەریەك لەمانەش لەناوخۆیاندا دەمارگیرییەکی تایبەتیان هەیە، کە پەیوەندی ئەم دەمارگیرییە زۆر بەهێزترە لە دەمارگیرییە گشتی (هاوپەیمانی)یەکە، چونکە پەیوەندی دەمارگیری تایبەت گۆشت و خوێنە(عبدالعليم عبدالرحمن خضر1993، ص140).

هەروەها دەتوانین بڵێین دەمارگیری گشتی (هاوپەیمانی) کۆمەڵە هۆزێکن، کە لە چوارچێوەی شێوە ڕێکخستنێکی سەربازییدا کۆبوونەتەوە و چەکیان هەڵگرتووە بە سەرکردایەتی سەرۆك هۆزەکان شەڕ دەکەن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و مانەوەیان(غوردو، ص28). هەندێك جاریش هێندە فراوان دەبێت کۆیلەو بکرێگیراوەکانیش دەگرێتەوە(البابيري2010، ص85)، بەڵام دەمارگیری تایبەت، کە لە نێو هۆزێکدایە شێوە ڕێکخستنێکی سیاسییە، کە ئەمەیانە کۆڕپەی دەوڵەتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە(غوردو، ص28).

هەموو ئەوانەشی ئاماژەمان پێدا لە دەمارگیری تایبەت و گشتییدا خۆی لەو وتەیەی (ئیبن خەلدون)دا دەبینێتەوە، کە گوتوویەتی ''مەبەست لە دەمارگیری بەرگریکردن و زاڵبوونە، کە بە ڕەچەڵەك دێتەدی لە پێناوی سەرخستنی کەسوکارو خزمە نزیکەکان و بەچۆکداهێنانی بێگانەکانو دوژمنان، بەڵام ئەم دەمارگیرییە بەلایەنگیری و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆیلەو هاوپەیمانێتیش دروست دەبێت و هەمان پێگەشی هەیە، چونکە بەتێکەڵاوی وهاوکاری وپێکەوە ژیان بۆ ماوەیەکی درێژو هاوەڵێتی و پەروەردەکردن و شیرپێدان تا دەگاتە تەواوی حاڵەتەکانی مردن و ژیان یەکگرتن و بەیەکەوە جۆشدران دروست دەبێت، جا ئەگەر ئەو یەکگرتن و جۆشدرانەش دروست بوو ئەوە سۆزو دەمارگیری و پشتگیرییکردن لەیەکتریش سەر هەڵدەدات(أبن خلدون، 314/1).

**3-دەرکەوتنی دەمارگیری و ڕەوشت و کار و هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوونی:**

3-1: دەرکەوتنی دەمارگیری: وەك باسمان کرد کۆمەڵێك دەمارگیری تایبەت لە چوارچێوەی  دەمارگیرییەکی گشتییدا کۆدەبنەوە، بەڵام لە نێو ئەو دەمارگیرییە تایبەتییانەدا تەنها یەك دەمارگیری دەتوانێت زاڵ بێت و سەرکردایەتی هەموو دەمارگیرییەکانی تر. واتە هۆزێك ئەگەرچی چەندین بنەماڵە و تیرەی جیاواز و دەمارگیری جۆراوجۆری لەخۆ گرتبێت، بەڵام دواتر هەر دەبێت دەمارگیرییەك لە هەموویان بەهێزتر بێت و ئەوانی تریش شوێنی بکەون و هەموویان لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا کۆببنەوە و ببن بە یەك دەمارگیری بە هێز((أبن خلدون، 213/1، 226) )). لەم چوارچێوەیەدا (ئیبن خەلدون) ئاماژەی بە یەکێك لە دیارترین خەسڵەتەکانی ئەو دەمارگیرییە کردووە، کە ئازایەتییە. ئەو پێی وابووە، کە شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوە تەنها ئەو هۆزانە دەتوانن خاوەنی بن کە خاوەنی دەمارگیرین، چونکە هەر کاتێك دەستدرێژی کرایە سەر ئاواییەکەیان ئەوا گەنجەکانیان کە ناسراون بە ئازایەتی دەچنە دەرێ بۆ بەرگریکردن. دیارە ئەو بەرگریکردن و پاراستنەشیان پێ ناکرێت مەگەر خاوەنی دەمارگیری و یەك ڕەچەڵەك بن. هەر بەمەش بەهێز دەبن و ترسێنەر دەبن(أبن خلدون، 206/1).

کۆبوونەوەو دروستبوونی دەمارگیرییش بۆ مەبەستی خۆژیاندن و لایەنی ئابوورییە، وەك (موحەممەد عابید ئەجابیری) پێی وا بوو ''ململانێکە ململانێیەکی ئابوورییە(الجابري، ص104). (ئیبن خەلدون)یش دوای ئەوەی باسی لەوە کردووە کە جیاوازی وەچەکان بە پێی جیاوازی شێوەی ژیانیانە، دواتر ڕوونی دەکاتەوە، کە کۆبوونەوەشیان بۆ هاریکاریکردنی یەکترییە لەسەر بەدەستهێنانی بژێوی و ژیان(أبن خلدون، 191/1). هەر بەو هۆیەشەوەیە، کە هەندێ بۆچوون ئەو ململانێیەی دەمارگیری خەلدونی لەسەر بژێوی و ژیان و دواتر بۆ دەسەڵات بەراورد پێ دەکات لەگەڵ ئەو هۆشیاری چینایەتییەی کە لە فەلسەفەکەی مارکسدا هاتووە(الحجاوي، ص13-14).

2-3: کاری دەمارگیری: کاری دەمارگیری دەتوانرێت لە (سێ) خاڵی سەرەکییدا ئاماژەی پێ بکرێت(الملاح، ص141)

2-3-1: بەرگریکردن لە هۆز دژی هۆزەکانی تر کە ئەمە کاری هەرە بنچینەیی دەمارگیرییە، چونکە دەمارگیری لە قۆناغی سارانشینییدا ڕۆڵی شورە و سەربازی قۆناغی شارنشینی دەبینێ، کە سەرۆك هۆز لەبەر پێویستی بە هۆزەکەی بۆ بەرگریکاری و پارێزگاری مەترسی هۆزەکانی تر، ناچار دەبێت لە دەسەڵات لە گەڵیان باش بێت و ستەمیان لێ نەکات، نەبادا بارودۆخی دەمارگیرییەکەی تێك بچێت و لە دەرەنجامدا ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەویش و ئەوانیش(أبن خلدون، 251/1).

2-3-2: کاری دەمارگیری کورت هەڵنەهاتووە لەسەر بەرگریکاری دژی هۆزەکانی تر، بەڵکو لە قۆناغی بەهێزبوونی دەمارگیرییدا سەرۆکی هۆز دوای ئەوەی هەست بە تواناداری خۆی دەکات، خواستی دەسەڵات لە مێشکییدا چەکەرە دەکات و هەوڵی بۆ دەدات، وەك (ئیبن خەلدون) گوتوویەتی ''سەرۆکی دەمارگیری هەر کە گەیشتە پلەی شکۆداری و بووە خاوەنی شوێنکەوتە, وە ڕێگای زاڵبوون و باڵادەستیشی دۆزییەوە، ئەوە فەرامۆشی ناکات چونکە ئەمە خواستی دەروونە(أبن خلدون، 226/1).

2-3-3: سەرۆکی دەمارگیری دەتوانێت بگاتە موڵك و دەسەڵات بەمەرجێك دەمارگیرییەکەی ئەو لێهاتوویەی تێدا هەبێت، چونکە دەمارگیری هەر بەرەو بەهێزی دەچێت تاکو هێز و توانای دەگاتە ئاستی هێز و توانای دەوڵەت و دەوڵەتیش هێز و توانای بەرەو کزی و پیری دەچێ. لێرەدا کاری دەمارگیری ئەوەیە دەسەڵات لە دەستی ئەو دەوڵەتە دەربهێنێت و بیخاتە دەستی خۆی(أبن خلدون، ص226).

3-3: هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوونی دەمارگیری: هەنگاوی یەکەم: گەورەیەك سەرۆکایەتی خێزانێك یان تیرەیەك دەکات و سوود لە هێزی ئەو خێزانە یان ئەو تیرەیە وەردەگرێت. ئەمە ئەو دەمارگیرییە تایبەتەیە کە پێشتر باسمان کرد و (ئیبن خەلدون) بە (دەمارگیری هەرە گەورە) باسی کردووە، وە (ساتیع ئەلحوسری)ش پێی ووتووە ''دەمارگیری ساکار(أبن خلدون، 281/1، الحصري1968، ص338). ئەو گەورەیە دەبێت خۆی بەکۆمەڵێك خەسڵەتی ماددی و مەعنەوی بڕازێنێتەوە لەوانە: (ڕەوشتی بەرزو پەسەند، سامان، ڕیزو شکۆ.. تاد)(أبن خلدون، 233/1-234).

هەنگاوی دووەم: ئەو کەسە هەوڵی یەکخستنی بنەماڵە وتیرەو هۆزەکان دەدات لەچوارچێوەی دەمارگیرییەکی گشتی کە (ئیبن خەلدون) بە (دەمارگیری بچووك)

ناوی بردووەو (ساتیع الحوسڕی)یش بە (دەمارگیری تێکەڵاو) ناساندوویەتی(أبن خلدون، ص281، الحصري، ص338).

هەنگاوی سێیەم: یەکخستنی تیرەو هۆزەکانی تر لە ڕێگەی هێز و زاڵبوونەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە گەیشتن بەو مەرامە کە موڵك و دەسەڵاتە لە ڕێی شەڕ و هێزەوە نەبێت نایەتەدی، ئەمەش بەهۆی ئەو گیانی سەرکەشی و ملنەدانەیە کە لە مرۆڤدا هەیە، بۆیە دەبێت دەمارگیری لە ڕێی هێزەوە ئەو یەکخستنە بێنێتەدی(أبن خلدون، ص206).

هەنگاوی چوارەم: گرتنە دەستی دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتە، کە لێرەدا باڵا دەستی بۆ دەمارگیری هەرە بەهێزەو دەمارگیرییەکانی تر جگە لە گوێڕایەڵی و ملکەچی چارێکی تریان نییە(أبن خلدون، 1/212-213).

4-3: ڕەخنەی (تەها حوسێن) لە دەمارگیری خەلدونی: (تەها خوسێن)یش وەك نووسەرێکی دیاری عەرەبی کۆمەڵێك پرسیاری لەو بارەوە ورووژاندوەو پرسیوویەتی، کە ئایا پێویستە ڕاستە بۆ بنچینەی دروستبوونی هەموو دەوڵەتێك بەدوای دەمارگیرییەکی هۆزایەتی سارانشیندا بگەڕێین؟ ئایا دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی لاتینیش لەسەر هەمان ئەو بنەمایە دامەزراون کە دەوڵەتەکانی عەرەب و بەربەری لەسەر دامەزراون؟ وە ئایا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك لەهەر چاخ و سەردەمێك هەر تەنها یەك هۆکارەو بڕێتەوە وە بەردەوام هەر واش دەمێنێتەوە؟ ئەو پێی وایە مێژوو لەو بارەوە بە نەرێنی وەڵامان دەداتەوە(طه حسین، 1925، ص99). بەڵام توێژەرێك لە دوو ڕوانگەوە وەڵامی (تەها حوسێن) داوەتەوە. ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە چەمکی دەمارگیری واتایەکی فراوانی هەیە بە تایبەتی دەمارگیری گشتی(هاوپەیمانی ) وە کۆمەڵگای یۆنانی و ڕۆمانی و ئەم چاخەش ئەگەرچی لە واتای جۆری دەمارگیری پەیوەندی خوێن وگۆشت نەگەیشتبن، ئەوە لەدەمارگیری بەواتای لایەنگیری و پەیمان و بەکرێگیراو کۆیلەو پەیوەندی حیزبی و بیرو باوەڕ تێگەیشتوون، کە دەمارگیری ئەو واتایانەش دەگەیەنێت. ڕوانگەی دووەم ئەوەیە، کە بۆ چوونی (میکیاڤیللی)و(نیتشە)ش هەمان بۆچوونی (ئیبن خەلدون)ە لە دروستبوونی دەوڵەتدا، دیارە ئەگەر (ئیبن خەلدون) ڕەوشتی بەمەرج دەگرتبێت لەمەدا (میکاڤیللی) ئەوەشی بەمەرج وەرنەگرتووە((میکیافییلی، 2011، صص173-186، الجبر2012، ص6). لەڕاستیشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی خەلدونی بۆ دەمارگیری خۆشی حاڵەتی وای ئاماژە پێداوە، کە دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەت هەندێ جار بێ نیاز بووە لە دەمارگیری ئەویش، کە سەرە باسێکی تایبەت کردووە بەم بابەتەو نموونەشی بەهەردوو دەوڵەتی (ئەداریسە)(الميلي بلا، ص112، سعدون عباس نصرالله1987، ص33)و (عوبێدی)((الصلابي2006، (48، 139)) هێناوەتەوە(أبن خلدون، 1/264).

## 4-بنەچەو ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی:

4-1: سیستەمی هۆزایەتی لە وڵاتی کوردان: لەبەر ئەوەی لەدیدی خەلدونیدا هۆز و دەمارگیری پەیوەستن بەیەکەوەو دوو ڕووی یەك دراون، بۆیە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە سیستەمی هۆزایەتی دەکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

هۆز پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، کە پێك هاتووە لە چەند یەکەیەکی بچووك، کە هەندێ جار چەند خێزانێکن یان هەندێ جار چەند خێڵێکن هەندێ جاریش چەند تیرەیەکن یان زیاتر پێك دێن، ئەم یەکانە بەهۆی پەیوەندی خوێن وڕەچەڵەك، بەپێی بەرژەوەندییەکی هاوبەش یەکیان گرتوو(الدراجي2013، ص118). (مەقریزی)ش لەکاتی ئاماژەدان بەو هۆزانە نووسیویەتی ''چەند هۆزێکن لە هۆزەکانی عەجەم و ناوی چەندین لەو هۆزانەی هێناوە وەك هۆزەکانی (هەزبانی، بەشنەوی، شازنجانی، مەهرانی، زراری، ڕەوادی، داسەنی، هەکاری، حەمیدی، مەروانی و زیاتریش)(المقريزي1988، 113/3). خاوەنی کتێبی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)یش پێناسەی هۆزی کوردی بەوە کردووە، کە ''هۆزە کوردەکان چەند یەکەیەکی سیاسیین و بە گشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراونەتەوە. لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریش پێك دەهێنن و لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك و خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یان هەڵبەستراو دروست بوون، شیرازەیەکی نێوخۆیی دیاریکراوەیان هەیە و لەچەند کەرتێکی بچووکتر وەك (تیر ە و بنەماڵە و.. .تاد) پێك دین''(برونسن1999، ل100).

لەسیستەمی هۆزایەتی کوردییدا سەرۆکی هۆز دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، وە ئەوانەش کە لەژێر دەستییدا بوون تەواوی خۆشەویستییان بۆی هەبوو، بەڵکو خۆشەویستی سەرۆکی هۆز و بەرگری لێکردنی پێویست کرابوو(العمري2010، 210/3)، جێگرتنەوەشی بە پێی سیستەمی میراتی جێبەجێ دەکراو کوڕ جێگەی باوکی دەگرتەوە((العمري، (197/3-203، )).

دووەم:ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی: جیاوازی لەنێوان مێژوونووسانی کۆن و نوێدا هەیە لەسەر ئەوەی کە دەمارگیری دۆستەکی سەر بەکام هۆزی کوردییە؟ لەم بارەشەوە زۆرینەیان هۆزی (حەمیدی)(زنار عبدالسلام2007، ص143) بەبنەچەو ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی دادەنێن (الروذراوردي، 84/3، أبن الاثير، 415/7، أبن العديم، 1130/1، أبن خلكان، 177/1)، چەند ڕای دیکەش لەسەر ئەوەیە کە سەر بە هۆزی (شێروانی) بێت((عبدالرقيب يوسف، صص(36-39)، شيروانی2009، صص(66، 69)، الخليلي، ص243 ))، بەڵام بەشێکی تریان ئەو بە گونجاوتر ڕاستتر دەزانن کە هۆزی (چوار بوختی)(الفارقي، ص59، أبن العديم، 1130/3) کە ئەویش سەر بە هۆزی گەورەی (بوختی)یە ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی بێت(الفارقي، ص59، د. زرار صديق توفيق، ص193، نيشتمان بشير، ل62).

لێرەدا ئەگەر بە پێی کۆنترین و زۆرترین سەرچاوەی کۆن و نوێ مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا بکەین ئەوە دەبێت بڵێین بنەچەو ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی هۆزی (حەمیدی)یە. هەبوونی گوندێکیش بە ناوی (چوار بۆتی) لە چیاکانی نزیك (ئاکرێ)دا، دەگونجێ بکرێتە بەبەڵگەیەك بۆ گێڕانەوەی دەمارگیری دۆستەکی بۆ هۆزی (حەمیدی)، چونکە (ئاکرێ)ش مەڵبەند و بنکەی کوردە حەمیدییەکان بووە(د. زرار صديق توفيق، ل193)، بەڵام ئەگەر بە پێی ئەو پێگە جوگرافییە مامەڵە بکەین کە هەندێ سەرچاوە کردوویانە بە بەڵگەی ئەوەی سەر بە هۆزی (شێروانی) بێت، چونکە بە پێی ئەو سەرچاوانە ناوچەی (بۆتان) دابەشی سەر دوو هەرێمی باکوور و باشوور بووە، (بوختی)ەکان لە باشوور و (چوار بوختی)یەکانیش لە هەرێمی باکوور نیشتەجێبوون، کە ئێستا بە هەرێمی (شێروا) ناسراوە(شيروانی، لل66-67، الخليل، ص243). (عەبدولڕەقیب یوسف) ئەمەی لە کتێبەکەیدا ڕوون کردۆتەوە کە ناوی (حاربەختی) تاکو سەدەی (6ك/12ز) بەکارهێنراوە کە (فاریقی) لەو سەدەیەدا ژیاوە، بەڵام ماوەی نێوان سەدەی (6ك/12ز) تاکو سەدەی (10ك/16ز) ناوی (شێروا-شێروان) جێگای ناوی (حاربەختی) گرتۆتەوە(الفارقي، ص59، عبدالرقيب يوسف، ص37). بەم پێیە بێت ڕەنگە بتوانین بڵێین (حاربەختی) و (شێروانی)یەك شتن، بەڵام ڕای سێیەم کە پێی وایە ڕەچەڵەکی دەمارگیری دۆستەکی دەگەڕێتەوە بۆهۆزی (بوختی)(فارقي، ص59، عبدالرقيب يوسف، ل35، د. زرار

صديق توفيق، ل193، نیشتمان بشر، ل26، )، چەند بەڵگەیەکیشیان بۆ پشتگیری ڕایەکەیان هێناوە لەوانە:

ا- هەرچەندە سەرچاوە کۆنەکان جگە لە (فاریقی) و زۆربەی سەرچاوە نوێیەکانیش دەمارگیری دۆستەکی دەبەنەوە سەر هۆزی (حەمیدی)، بەڵام لەبەرئەوەی (فاریقی) خۆی خەڵکی (میافارقین)ە، کە سەنتەرو ناوەندی دەسەڵاتی دۆستەکی بووە، بۆیە دەبێت لە هەموو مێژوونووسەکانی تر زیاتر شارەزای ڕەچەڵەك و بنەچەی خەڵکی ناوچەکەی خۆی بێت، ئەویش دەیباتەوە سەر هۆزی (حاربەختی)(د. زرار صديق توفيق، ل193، نیشتمان بشر، ل26).

ب- شوێنی دەرکەوتنی ئەو بنەماڵەیە زۆر نزیکە لە نیشتمانی بوختییەکان(د. زرار صديق توفيق، ل193).

هەروەها ئەگەر بێتوسەرنج لە واتای ناوی (حاربەختی) بدەین کە (عەبدولڕەقیب یوسف) شیکردنەوەی بۆ کردووە بەوەی کە لە دوو وشە پێك هاتووە (حار) بە واتای (ڕەسەن) هاتووە و لە گەڵ وشەی (بخت) لێکدراوە کە لە سەرچاوە مێژووییە عەرەبییەکاندا بە: (بخت، بختان، بوهتان، بۆتان) هاتووە، کە دەکەوێتە خوارووی هەرێمی (شێروا)وە(عبدالرقيب يوسف، ل36)، کەواتە وشە (حاربەختی) بە پێی ئەم بۆچوونە بە واتای (بوختی ڕەسەن) دێت. بە پێی ئەوەش کە لە هەرێمی باکووریش لە سەدەی (6ك/10ز) لە جیاتی (شێروا) (حاربەختی) بەکارهێنراوە، کەواتە دەتوانین بڵێین، هەرێمی باکوور بوختی ڕەسەن (حاربەختی) بوو بێت و هەرێمی باشووریش (بوختی)، کەواتە ئەوە دڵنیایی زیاتر دەدات لەسەر ئەوەی کە دەمارگیری دۆستەکی سەر بە هۆزی بوختی بووبێت، بۆیە ئێمەش هەر لەسەر ئەو بنچینەیە خوێندنەوەی بۆ دەکەین، بەڵام سەر بە هەرکامیان بێت (حەمیدی) یان (بوختی) بۆ بابەتەکەی ئێمە کێشە، نییە چونکە لە بابەتەکەی ئێمەدا ئەوە گرنگە کە سەر بە هۆزێکی ڕەسەن و ناودار بێت، دیار ئەم دوو هۆزەش هەردووکیان ئەو تایبەتمەندییەیان تێدایە، بەڵام ئێمە هۆزی (بوختی) بۆ ئەم بابەتە دیاری دەکەین.

4-2: هۆزی (بوختی) و جۆری دەمارگیرییەکەی:

4-2-1: مێژوو و ڕەسەنایەتی هۆزی بوختی: (بوختی) بو یەکێك لەدیارترین و گەورەترین هۆزە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت تاکو چاخی (عوسمانی) خاوەنی دەسەڵات و میرنشینی خۆیان بوون، بەڵام لەسەر دەستی عوسمانییەکان ئەو میرنشینەش وەك هەر میرنشینێکی تر کوردان لەناوبرا(د. زرار صديق توفيق2007، ص25)، ناوەکەی زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەوەوە کە مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆتس/485-420پ.ز) ناوی ناوچەکەی بە (بەختویخ Pakhtuikh) ناوبردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە دەکەوێتە هەرێمی سێزدەهەمینی (دەوڵەتی ئەخمینی/559-330پ.ز) (هروري2000، ص11). خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی (تیۆدۆر نۆڵدکە)(بدوي1993، ص595) ئاماژەی بەوە داوە کە ناوی (بەختویخ-Pakhtuikh) پەیوەندی لەگەڵ (بوختان - بهتان) هەبووە(محەمەد ئەمین زەکی بەگ، 1/34-35)، کە بە تێپەڕینی مێژوو بەم شێوەکانی (بەختان، بوختان، بوهتان، بۆتان)(هروری، ص11، محەمەد رسول هاوار2006، ل9)گۆڕانی بەسەردا هاتووە، و لە نێو هۆزە کوردییەکاندا بە ئازایەتی و کۆڵنەدان و بەرەو پێشەوەچوون و گیانفیدایی لە پێناوی سەبەرزی و شکۆداری ناوبانگی دەرکردبوو. هەروەها بە لێهاتووی لە بواری سیستەمی سەربازی و هونەرەکانی ئەسپسواری جیا کراوەتەوە(بدلیسی، لل171-172). ئەمانە لە خۆرهەڵاتی ناوچەی (بۆتان) نیشتەجێبوون(عبدالرقيب يوسف1975، ص134)، و خاوەنی چەندین قەڵای گرنگی وەك (ئاتیل)(ياقوت الحموي1977، 1/51)و (بازی سوور)(ياقوت الحموي، 1/321)و (جوزدەقیل -گورگیل)(ياقوت الحموي، 2/124)و (عەللوس)(ياقوت الحموي، 2/147) بوون، بەڵام بەشەکەی تری بۆتان هۆزی (بەشنەوی)(ياقوت الحموي، 3/158) تێدا نیشتەجێبوون و لەوناوچەیە دەسەڵاتدار بوون. (بوختی)یەکان خاوەنی میرنشینێکی بەهێز بوون، و لەسەردەمی میرنشینی دۆستەکی(مەروانی) میرنشینێك بوون بەڵام لە چوار چێوەی ئەو میرنشینەدا(عبدالرقيب يوسف1975، ص134)، کە وەك توێژەرێك ئاماژەی داوە ڕەنگە وەك پێویستە نەزانرێت دامەزرێنەرەکەی و ساڵەکەی کەی بووە؟ بەڵام دەتوانرێت بگوترێ لە نێوان ساڵانی (380-420ك/990-1029ز)و لەسەردەمی بوەیهییەکاندا بووەو بە سەردەمی دەرکەوتنی میرنشینە کوردییەکان دادەنرێ(د. زرار صديق توفيق2007، صص27-28) وە میرنشینەکەیان ماوەتەوە تا ئەو کاتەی (میرنشینی هەکاری)97دەستی بەسەردا گرتووە، چونکە لە (صبح الأعشى)دا هاتووە کە لە سەدەی (8ك/14ز) خاوەنی قەڵای (جوزدەقیل-گورگیل) بە ناوی(بەهائولدین عومەری کوڕی ئیبراهیمی هەکاری) بووە((د. زرار صديق توفيق2007، صص(184-193) ))، بەڵام دیارە دەبێت دواتر کەوتبێتەوە دەست بوختییەکان، چونکە وەك پێشتر تا سەردەمی عوسمانی دەسەڵاتیان مابوو، وە ئەو فەرمانڕەواییە وەك توێژەرێك ئاماژەی پێ دەدات پچڕپچڕ بووە، بە شێوەیەك کە هەندێ جار لاواز بووبێت یان نەمابێت و دوایی سەری هەڵدابێتەوە(القلقشندي1915، 7/186، عبدالرقيب يوسف1975، ص134).

4-2-2: جۆری دەمارگیری (بوختی): سەبارەت بە ڕۆڵ و ناوبانگی هۆزی (بوختی) بەوەی لەکام هۆزەو لە چ جۆرێکی دەمارگیرییە، لەو دوو جۆر دەمارگیرییەی کە (ئیبن خەلدون) لێی دواوە؟ ئایا دەمارگیری تایبەت بووە یان دەمارگیری گشتی(هاوپەیمانێتی)؟ کاتێکیش لە مێژووی هۆزەکە وورد دەبینەوە، دەگەینە ئەوەی، کە لە سەردەمی میرنشینی دۆستەکی(مەروانی)یدا، دەمارگیرییەك پاشکۆی دەمارگیری دۆستەکی (مەروانی) بووەو لە سەردەمەکانی دواتریش دەسەڵاتیان ماوەتەوە کە هەندێ جار بێ هێز و سنووردار و هەندێ جاریش بەهێز بووە(د. زرار صديق توفيق2007، ص27)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەك سەرچاوەکان ئاماژە بە مێژووەکەی و ناوەکەی دەکەن ڕەنگە بتوانین ئەو بڵێین کە (بوختی) دەمارگیرییەکی فراوان و گشتی بووە، چونکە ئەم هۆزە کۆمەڵبەستنێکی هۆزایەتی بووە، کە لە دەیان هۆز و خێڵ و تیرە پێکهاتبوو، لە قەڵا و ناوچەکانی دەورو بەری سەربە و هۆزە بوون، بەڵام هەریەك لەمانە خاوەنی قەڵاو دەسەڵاتێکی میراتی هۆزایەتی خۆیان بوون((د. زرار صديق توفيق2007، صص25-39) )). تەنانەت لە هەندێك سەرچاوە ناوی بە یەکێتی بۆتان(اتحاد بهتان) هاتووە و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە لە ڕابردودا هاوپەیمانێتییەکی گەورەی وەك هاوپەیمانێتی (بابان و ئەردەڵان) بووە، بەڵام دەگوترێ کە هەرسێکیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەبەریەك هەڵوەشانەوە(د. زرار صديق توفيق2007، ص26)، هەروەها ژمارە و هۆزەکانی ناو (بوختی) زیاتر بوون لە هۆزی (حەمیدی)، و گەلێك سەردار و گەورەیان هەبوون بەڵام، نەمان و دواتر ژمارەیان کە م بوویەوە و بچووك بوونەوە(داوقي و أخرون2007، ص191)، سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوە کردووە کە ناوی (بۆتان-Bohtan) هەندێ جار بە واتای یەکێتییەکی هۆزایەتی هاتووە(العمري، 3/206-207).

**5-دەرکەوتنی دەمارگیری دۆستەکی و هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوونی:**

5-1: دەرکەوتنی دەسەڵات (الوازع) و خسڵەتەکانی لە بیری خەلدونییدا: دەرکەوتنی هەر دەمارگیرییەك لە دیدی خەلدونیدا بە بێ دەسەڵات، کە ئەو بە چەمکی(الوازع) گوزارشتی لێکردووە نابێت، بۆیە دەبێت سەرەتا ئەم چەمکە ڕوون بکەینەوە.

دەسەڵات لای (ئیبن خەلدون) پێویستییەکی بنچینەیی بووە لە هەر شوێنێك کۆبوونەوەی مرۆیی بووبێت، ئەویش بەهۆی ئەو پەشێوی و ئاڵۆزیانەی بە هۆی موڵکداری هاتۆتە ئاراوە، یان بە هۆی ئەوەی ئەو کۆبوونەوە مرۆییە پێویستی بە دەسەڵاتێك هەبووە بۆ دابەشکردنی کار و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان، کە (ئیبن خەلدون) پێی وابوو ژیانی مرۆڤ بە بێ دەسەڵات ژیانێکی بێ سەروبەرەو هیچی تر، بەڵام دەسەڵات ڕێگرە لەو بێ سەروبەرییە(ایغلتون2006، ص127). ئەو دەسەڵاتەش پێویستە ئەو پەشێوی و پاشاگەردانییە نەهێڵێت ئەگەر بە بەکارهێنانی چەك و هێزیش بێت، چونکە یەکێك لە ڕەوشتی خراپی مرۆڤ ئەوەیە کە ستەم لە بەرامبەرەکەی دەکات و دەست درێژ دەکات بۆ موڵك و ماڵی براکەی مەگەر دەسەڵاتێك دەستی بگرێت و نەهێڵێت(أبن خلدون2005، 70/1). هەروەها ئەو دەسەڵاتەش دەبێت لە هەناوی دەمارگیرییەوە سەر دەربێنێت و دروست بێت چونکە هەموو ئەمانە بە بێ دەمارگیری هیچیان نایەنە بوون(أبن خلدون2005، 321/1-322).

هەروەها لەدیدی خەلدونیدا هەموو دمارگیرییەك لە توانایدا نییە دەوڵەت بەرەو گەشەی شارستانی بەرێت، چونکە ئەو پێی وایە ئەو دەمارگیرییەی وەها کارێکی لە توانادایە دەبێت هەڵگری بانگەواز و پەیامی ئایینی بێت(حميش1998، ص95، بۆیە کاتێ باسی داگیرکاری (بەنو هیلال)و (بەنو سولەیم) ((ابن قتيبة1981، ص85، أبن حزم، صص(261-273)، سجيني1981، صص(51-102) )) بۆ ئەفریقیا و مەغریب لە سەدەی پێنجەمی کۆچییدا کردووە، ئاماژە بە خراپەکاری و وێرانکاریەکی زۆری شارستانییەت کردووە، کە لەسەر دەستی ئەمانە ڕوویانداوە(أبن خلدون2005، 245/1، الملاح، صص142-143)، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر خاوەنی هەڵگری بانگەواز و پەیامی ئایینی بێت، ئەوا دەبێتە هۆکار بۆ گەشەی شارستانییەت، چونکە ئایین واتاکانی شارستانییەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە(الملاح، ص143)، لێرەدا نموونەی بەعەرەبەکان هێناوەتەوە، کاتێك پەیامی ئیسلامیان هەڵگرتووەو لە سەردەمی پەیامبەر (د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، بوونە مایە هێنانە کایەو گەشەی شارستانییەت، بەڵام کاتێك لەسەردەمی ئومەوی و عەبباسیدا ئایین فەرامۆش کراوە بارودۆخەکەش پێچەوانە بۆتەوە(ابن خلدون2005، 252/1). هەروەها پێی وابووە بانگەوازی ئایینیش بە بێ دەمارگیری سەرناکەوێت و دەبێت دەمارگیرییەك پاڵپشتی بانگەوازە ئایینیەکە بێت، لەمەشدا فەرموودەی ''فما بعث الله عز و جل نبيا إلا فى منعة من قومه(أبن حنبل2429هـ، ص2245) کردووە بە پاڵپشت بۆ بیرۆکەکەی. لە ڕێی ئەم فەرموودەیەشەوە پێی وابووە ئەگەر پەیامبەران بەبێ پاڵپشتی دەمارگیری بانگەوازەکەیان سەرکەوتوو نەبێت، ئەی جگە لە پەیامبەران چۆن بێ دەمارگیری بانگەوازیان سەرکەوتوو دەبێت(أبن خلدون2005، 269/1).

خاوەنی کتێبی (الفكر الخلدونى من خلال المقدمه) ڕەخنەی لەم بۆچوونەی (ئیبن خەلدون) گرتووەو پێی وابووە کە ئەمە لە گەورەیی ئایین کەم دەکاتەوە بە تایبەتی ئایینی ئیسلام، چونکە ئەو بیرۆکەیە تەنها وەك هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ دەمارگیری باسی لە ئایین کردووە و لێرەدا ئایین لە خزمەتی دەمارگیری دایە ڕۆڵی ئایین تەنها بە هێزکردن و بەیەکەوە جۆشدانی دەمارگیرییە. لە دیدی خەلدونیشەوە جەنگەکانی فتوحاتیش هەر بە ململانێی دەمارگیری و لاوازکردنی گەلانی تر لێك دراوەتەوە و هیچ حیسابێك بۆ ڕۆڵ و دەمارگیری بۆ ئایینی ئیسلام نەکردووە، کە دەکرێ بڵێین بە درێژایی مێژووی ئیسلامی هەندێ شەڕ دەمارگیری نەتەوەیی و هۆزایەتییان لە پشت بووە، بەڵام ناکرێت هەموو هەوڵەکان لەو چوار چێوەیەدا لە قاڵب بدرێن بە تایبەتی جەنگەکاکی سەرەتای ئیسلام کە کاریگەرترین و سەرەکیترین هۆکار خۆی لە دەمارگیری بۆ ئایینەکە دەبینێتەوە نەك شتی تر((النبهان، صص178-180) )).

ئێمە پێمان وایە کە ئایینی ئیسلام خۆی هێزێکی کاریگەر بووە لە بڵاو بوونەوەدا چونکە دەمارگیری هۆزایەتی لە نێو عەرەبەکاندا زۆر بە هێز بووە(المباركفوري2000، ص36)، بەڵام ئەو بە هێزی دەمارگیرییە هۆزایەتییە نەیتوانی عەرەب بەرێتە پێشەوە تاکو بوو بە هەڵگری بانگەوازی ئیسلامی. دیارە کە گەلانی تریش هەوڵیان داوە کە لە ڕێگەی کاریگەری ئایینەوە هەژموونی خۆیان بەسەر گەلاندا زاڵ بکەن و ئەمە تایبەت نەبوو بە دەوڵەتە عەرەبی ئیسلامییەکان، کە (ئیبن خەلدون) ئاماژەی پێداون، بۆ نموونە دەبینین وڵاتانی ئەوروپی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیستیعمار هەوڵیانداوە لە ڕێی بانگەوازی مژدەدەری گاوری هەژموونی خۆیان زیاتر زاڵ بکەن، ئەوەتا سەرۆکی ژووری بازرگانی (هامبۆرگ)(یاسین صابر صالح2005، ل1112) ئاماژەی بەوە داوە، کە گەشەی شۆڕشی ئیستیعمار وەستاوەتە سەر گرنگی ئەو پیاوە ئایینییانەی کە چوون بۆ ناوچە داگیرکراوەکان، گرنگترین هۆکاریش بردنی ئایینی گاورییە بۆ ناوچەی داگیرکەر، چونکە ئەوە مەرجی بنچینەییە بۆ گەشتن بەو ئاسایشەی داواکراوە تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە(شاتلية1387هـ، ص134).

دەسەڵاتیش بە پێی ئەم بیردۆزەیە سێ جۆری هەیە:

ا- دەسەڵاتی ئایینی.

ب- دەسەڵاتی شاهانە.

ج- دەسەڵاتی عەقڵی(أبن خلدون2005، 330/1).

ئەو دەسەڵاتەش کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە دەسەڵاتی دۆستەکییە کە لە ناخی دەمارگیری تایبەتی (حاربەختی) سەری دەرهێناوە. واتە لە نێو دەمارگیری گشتیی(هاوپەیمانێتی) بوختیدا دەماگیری تایبەتی (حاربەختی) دەرکەوتووە و لەنێو ئەویشدا بنەماڵەی دۆستەکی و لەنێو بنەماڵەکەشدا (بادی کوڕی دۆستەك) کاری لەسەر کردووە(جلبي، صص78-79، بولاندیان، ص163).

5-2: هەنگاوەکانی دەرکەوتن و بەرەو دەسەڵاتچوونی دەمارگیری دۆستەکی:

هەنگاوی یەکەم: دەرکەوتنی (باد) لە نێو بنەماڵەکەی وهۆزەکەیدا: وەك لە دیدی خەلدونیدا هاتووە سەرەتا گەورەیەك، لە نێو خێزانێك یان هۆزێك دەردەکەوێت، کە لە دەمارگیری دۆستەکییدا ئەو کەسە میر (باد)ە، ئەمەو یەك سەرچاوە باسی لە چۆنییەتی پێگەشیتن و گەورەبوونی لە ناو بنەماڵەکەیدا کردووە، کە ئەویش (حوسێن حوزنی موکریانی)یەو وتەکانیشی پاڵپشت بە بەڵگەی مێژوویی نین(موکریانی، لل238-239)، ئەوەشی ئێمە دەستمان خستووە ئەوەیە، کە میر (باد) لەدەوروبەری ساڵی (360ك/971ز) لەچیاکانی (بهاسنا) یان (باحەسمێ) لە ناوچەکانی نێوان (هیزان و سێرت و مەعدەن) دەرکەوتووە(الفارقي، ص50، د. زرار صديق توفيق2010، ل193، بولاندیان، ل166، ئاکو بورهان، ل25). واتە لە نێوان ئەو هۆزانەی کە نشتەجێبوون لەو ناوچانەی کەوتوونەتە باکووری (موسڵ)هوە(فوزية يوسف فتاح2000، ص109). ئەوەش وەك ئەو ڕەوشت و ئاکارانەی (ئیبن خەلدون) باسی کردوون کە دەبێت لەو کەسەدا ڕەنگیان دابێتەوە، کە دەردەکەوێت. میر(باد)یش بە کۆمەڵێك خەسڵەت و ڕەوشتانە ناسراو بووە لەوانە: کەسێکی چوارشانەی تێکسمڕاوی بەهێز و ترسێنەری هەبووە(الفارقي، ص50، أبن اثير، 415/7،

بولانديان، ص163، المائي، ص101، جلبي، صص78-79)و چاونەترس و ئازاو جوامیر(أبن الاثير، 415/7، عارف حمه كريم1998، ل50)و چالاك و زیرەك و لێهاتوو بووە. ڕۆڵی دیاریشی لە بوارەکانی سیاسی و سەربازییەکاندا بەرچاو بووە(المائي، ص1010، جلبي، صص78-79، ئاكۆ بورهان، ل25). تەنانەت هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بۆیە ناوی (باد)ی لێنراوە، چونکە لە کوردییدا واتای (با)ی گەیاندووە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی جووڵە یان سەرکەوتنەکانی زۆر خێرابووە، بۆیە چواندوویانە بە با(عبدالرقيب يوسف1972، ص32)، هەروەها زۆر سەخی و بەخشندە و نانبدە بووە، مەڕی خۆی سەربڕیوە و داویەتی بە خەڵکی و لەشەڕدا هەرچی دەستی کەوتبێ دابەشی کردووە بەسەر ئەو تیرەو خێڵ و هۆزانەی کە لەگەڵییدا بوون(أبن الاثير، 416/7، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، 45/2 ئاکۆ بورهان، ل25). هەندێك لە سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن شوانی132و ماوەیەکیش جەردەیی کردووە(الفارقي، ص50، أبن الاثير، 416/7)، بەڵام ( موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) پێی وایە ئەو گێڕانەوەیەی باسی شوانی و جەردەیی دەکات لاوازە و ناگونجێت کوڕی سەرۆك هۆزێك شوانی و جەردەیی کردبێ، چونکە ئەم جۆرە کارانە لە بەر نەبوونی و پێویستی سەرهەڵدەدەن، کوڕی سەرۆك هۆزیش وا لێکدەدرێتەو کە لەو کارانە دوور بێ(45/2). (کەمال بورکای)ش پێی وایە کە شوانێك ناتوانێ وا لەپڕێکدا گەورە ببێت و ببێتە دەسەڵاتدار، وا باشترە بگوترێ سەرکردەی هۆزێکی وەرزێر بووبێت و زۆر خێرا توانیبێتی هێزێکی گەورە کۆبکاتەوە(ل154). بەپێی ئەو بۆچوونەش، کە پێشتر ئێمە لە میانی باسکردنمان لە سارانشینی کورد دەربارەی ڕەوشتی کوردان ئاماژەی پێکرا دەگونجێ ئەو جەردەییە لە دژی ئەو چالاکییە بازرگانییانە بووبێت، کە هی ئەو دەوڵەتانە بووە ناوچەکەیان داگیر کردبوو، مێژوونووسانی لایەنگری ئەو دەسەڵاتانەش بە جەردە ی تۆمەتباریان کردبن، وە بە پێی ئەوەش کە میر(باد) هەرچی لە شەڕدا گرتوویەتی دابەشی سەر هۆزەکانی کردووە. هەربۆیە وا پێ دەچێ، کە هەڵمەتی سەربازیی بووبێ دژی ئەو چالاکییە بازرگانییەکانی داگیرکەرانی ناوچەکە.

هەنگاوی دووەم: یەکخستنی بنەماڵە و تیرەو هۆزەکان لە دەماگیرییەکی گشتییدا: لە هەنگاوی دووەمی بەرەو دەسەڵاتچوونی دەماگیری لە دیدی خەلدونیدا، ئەو کەسە هەوڵی یەکخستنی بنەماڵە وتیرەو هۆزەکان دەدات لەچوارچێوەی دەمارگیرییەکی گشتی (هاوپەیمانیی)دا، لە دەمارگیری دۆستەکیشدا بینراوە کە میر(باد) دوای دەرکەوتنی، بەهۆی ئەو بەرگرییە بەردەوامەی دیکرد لە دژی بێزەنتییەکان کە ناوە ناوە هێرشیان دەکردە سەر ناوچە کوردنشینەکان (الروذراوردي، 84/3، الفارقي، ص50، أبن الاثير، 415/7)، سەرەتا کۆمەڵێك لە خزم و کەسەکانی خۆی کۆکردەوە وەك (ئەبولفەواریس حوسێن)ی برای و خوشکەزاکانی لە کوڕانی مەروانی (حاربەختی)و کوردە (بەشنەوییەکان)(د. زرار صديق توفيق2010، ل193)، پاشان ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی ڕوویان تێدەکرد و تا وای لێ هات ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە(الفارقي، ص50، أبن خلدون2001، 322/4).

هەنگاوی سێیەم: یەکخستنی تیرەو هۆزەکانی تر لە ڕێگەی هێز و زاڵبوونەوە: جگە لە باسی هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتچوون پێشتر ئاماژە بە کارەکانی دەمارگیریش درا، کە لە خاڵی دووەمدا تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کاتێك کە سەرۆکی دەمارگیری توانا و شکۆداری دەست دەکەوێت و دەبێتە خاوەنی شوێنکەوتە خواستی دەسەڵات لەمێشکییدا چەکەرە دەکات و هەوڵی بۆ دەدات، هەر بۆیە دەبینین میر(باد) بەوەندە نەوەستا، کە تەنها خەڵکێکی لە دەورە کۆبێتەوەو غەزا لە دژی بێزەنتییەکان بکات بەڵکو بیرۆکەی زاڵبوون و فراوانکردنی دەسەڵات لای گەشە دەکات و یەکەم قۆناغی ئەم زاڵبوون و فراوانکارییەش لە ساڵی (355ك/963ز) دەستی پێکرد کاتێك دەستی گرت بەسەر شارەکانی (ئەرگیش)و (هیزان)و (سێرت)و (مەعدەن) دەوروبەریان و هەندێ شاری بچووك و لادێکان(بدليسى، لل29-30، د. زرار صديق توفيق2010، ل194، مرجونة، ص318). لێرەوە بەرەو قۆناغی تر هەنگاوی نا کە هەنگاوی چوارەمە وسەرکەتن و زاڵبوون و دامەزراندنی دەوڵەتە.

هەنگاوی چوارەم: دەسەڵات گرتنە دەست و دامەزراندنی دەوڵەت: لەم قۆناغەدا دەمارگیری بەهێز ململانێ لەگەڵ دەمارگیرییەکانی دیکە دێنێتە کایەوە و دەسەڵات لە دەستی دەماگیری لاواز بوو دەردەهێنێت و خۆی دەبێت بە دەمارگیری باڵا، دەمارگیری دۆستەکیش لەم قۆناغەدا لە نێوان ململانێی بەهێزی لەگەڵ هەردوو دەمارگیری (بوەیهی و حەمدانی) چەندین دەمارگیری تردا سەر دەردەهێنێت و خۆی دەسەپێنێت.

ئەگەر لەو بارودۆخەش ووردبینەوە، کە دەمارگیری دۆستەکی تێیدا زاڵ بووە و دەوڵەتی لەسەر بنیاتنراوە، دەبینین، بارودۆخەکە زۆر لەبار و گونجاو بووەو دەمارگیرییەکانی تر ڕوو لە لاوازی بووون لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە دەمارگیری (حەمدانی) دوای مردنی (ناسیرولدەولەی حەمدانی) لەساڵی (358ك/968ز) لێکترازان کەوتە نێوڕیزەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارەوە. پاشان بەهۆی ئەو زەبرە بەهێزەی کە لە لایەن (عەزدولدەولەی بوەیهی) پێی کەوت لەساڵی (367ك/977ز) کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتیان لە شاری (موسڵ) هێزی خۆی لەدەست دابوو((الروذراوردي، 84/3، أبن الاثير، 378/7-380) )). هەروەها دەمارگیری بوەیهیش دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو ناوچانەدا نەدەشکا و نەیدەتوانی ئەو ناوچەیەی کە لە ژێر دەسەڵاتی میر(باد)دایە بیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە(زامبارو، ص87)، بە تایبەتی دوای مردنی (عەزدولدەولە) لە ساڵی (372ك/982ز)و ململانێی کوڕەکانی لەسەر دەسەڵات دەسەڵاتی (بوەیهی) لەو ناوچانە لاوازتر کرد((أبن الاثير، 404/7، 406) )).

لەلایەکی دیکەوە چەند دەمارگیرییەکی تر هەبوون کە لەو سەردەم و بارودۆخەدا ئەوانیش لاواز بوون و ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ زاڵبوونی زیاتری دەمارگیری دۆستەکی، کە یەکێك لەوانە دەمارگیری ئەرمەنی بوو کە زۆر بەرەو لاوازی چووبوو(بولانديان، ص163). هەروەها دەمارگیری عەبباسیش بە هۆی ململانێکانی لەگەڵ هەردوو دەمارگیری (بوەیهی و بێزەنتی) تەواو پەکی کەوتبوو(مرجونة، ص317). هەروەها بێزەنتییەکانیش زۆر سەرقاڵبوون و لەو بارودۆخەدا نەیاندەپڕژایە سەر ئەو ناوچانە(بولانديان، ص162).

هەمو ئەمانەی باسمان کردن، لەگەڵ ئەو خواستە زۆرەش کە دەمارگیری دۆستەکی هەیبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆو چاوەڕوانیکردنی دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەم کارە(مرجونة، ص315)و دەرکەوتنی میر(باد)یش لە ناوچەکە وایکردبوو کوردەکان تەواو بگۆڕێن بۆ هێزێکی بەرهەڵستیکار دەژی دەسەڵاتی (بوەیهی)و (حەمدانی) لە ناوچەکەدا(بولانديان، ص163) ئەمانە هەموویان پێکەوە بوونە هۆکار بۆ تەواو زاڵبوونی دەماگیری دۆستەکی لە ناوچەکەدا.

ئەوە بوو دەمارگیرییەکە ئەو هەلەی قۆستەوەو لەو ماوەیەدا توانی جگە لە (ئەرگیش، هیزان، سێرت، مەعدەن)، دەستی بەسەر (ئامەد -دیاربەکر، خەلات، وان، بەدلیس)و دەوروبەریشیدا بگرێت، دوای مردنی (عەزدولدەولە) ساڵی (372ك/984ز) دەستی کرد بە فراوانخوازی زیاتر لەسەر حیسابی هەردوو دەمارگیری (بوەیهی و حەمدانی) بەتایبەتیش دەمارگیری (حەمدانی)، کە هەر هەمان ساڵی مردنی (عەزدولدەولە) دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی خەڵکی شاری

( نوسەیبین) لە والی شارەکە (ئەبو عەلی کوڕی بیشری ڕاعی) هەڵگەڕانەوەو کوشتیان، و کوردێك دەست بەسەر شارەکەدا گرت، بەڵام دواتر والی (موسڵ) شارەکەی گرتەوەو سەرکردە کوردەکەش پاڵی دایە لای میر (باد)(الروذراوردي، 83/3، د. زرار صديق توفيق 2010، ل195). دواتر میر (باد) دوای ئەوەی لە ساڵی (374ك/984ز) ئابڵۆقەی (میافارقین)یداو حەمدانییەکان لەشارەکە دەرکرد و بە ئاشتی لەگەڵ خەڵکەکەی ڕێکەوت و شارەکە خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوەو شاری (نوسیبین و جەزیرە)شی لەماوەیەکی کەمدا خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(الفارقي، صص51-52). بەم شێوەیە دەوڵەتەکەی خۆی دامەزراند و شاری (میافارقین)شی کردە پایەتەختی دەوڵەتەکەی(الخليل، ص244، ئاکۆ بورهان، ل26)، وە دەسەڵاتی بەشێوەیەك پەرەی سەند، کە ناوچەکەی بە وڵاتی (باد) ناوبانگی دەرکرد وەك لە ڕێکەوتنێکی نێوان (بوەیهییەکان و بێزەنتییەکان) بەو شێوەیە ناوی هاتووە(الروذراوردي، 39/3).

سێیەم: کاریگەری ئاین لە بەرەو دەسەڵاتچوونی دمارگیری دۆستەکی: سەبارەت بە جۆرەکانی دەسەڵاتیش، کە ئایا ئەو هەوڵەی میر (باد)، لە کام لەو جۆرە دەسەڵاتانە بووە؟ واتە (ئایینی، شاهانە، عەقڵی)، ئەوا بە تێگەیشتنی ئێمە هەڵگری پەیامی ئایینی بووە، کە دەتوانین لەرێی ئەم خاڵانەوە ڕوونی بکەینەوە:

ا- لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ هەرێمەکەی، دوای ئەوەی ڕێساکانی ئایینەکەیان هەڵسەنگاند زانییان کە لەگەڵ سروشتیاندا گونجاوەو بەرەبەرە وەریانگرت و زۆر دڵسۆزانە بۆی تێکۆشان(بدليسي، لل22-23، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، 94/1)، بە تایبەتی شاری(ئامەد - دیاربەکر) بوو بە مەڵبەندی هەڵکەوتنی زانا و شارەزایان(بدليسي، ل23)، وە لە دڵسۆزیان بۆ ئایینی ئیسلام بە نموونە باس کراون وەك: ( کوتراوە لە موسوڵمان کورد و لە کاورەکانیش کورج)(العمري، 1988، ص78).

ب- وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا خۆشەویستی میر(باد) لە نێو خەڵکدا و دەرکەوتن و ناوبانگی و کۆبوونەوەی خەڵك لە دەوری زیاتر بەهۆی ئەو بەرگریی و شەڕانە بووە کە لە دژی بێزەنتییەکان ئەنجامی دەدا. شەڕی بێزەنتییەکانیش مۆرکێکی ئایینی پێوە بوو، چونکە شەڕی موسڵمانەکان بوو لەگەڵ کاوران.

ج- قەڵاو شارەکانی (دیاربەکر)ی لە ڕێگەی ئاشتییەوە دەست بەسەردا گرتن بە شاری (میافارقین)یشەوە کە چەق و مەڵبەندی هەرێمەکە بوو. هەروەها ڕاپەڕینی خەڵکی شاری (نوسەیبین) لە والی (بوەیهی)و کوشتنی و چوونە پاڵ دەسەڵاتی میر (باد)(عبدالرقيب يوسف1972، ص120)، ڕەنگە بتوانین وای لێك بدەینەوە کە هۆکارێکی ئەمە ئایینەکەی و دادگەرییەکەی بووە، چونکە میر (باد) موسڵمانێکی سوونە و بوەیهییەکانیش موسڵمانی شیعە بوون.

د- هەروەها کە توانی شاری(موسڵ) لە ساڵی (373ك/983ز) بگرێت بە پاڵپشتی خەڵکی شارەکە توانی ئەمە بکات، چونکە ئەوان لە ستەم و زۆرداری (بوەیهی)ەکان بێزار بووبوون، بۆیە لەگەڵ هاتنی سوپای میر(باد) ئەوانیش ڕاپەڕین و بوەیهییەکان لەشار وەدەرنران و پێشوازییان کرد لەمیر (باد)و سوپاکەی(أبن الاثير، 416/7، قادر محمد حسن، ص47، ئاکۆ بورهان، ل28). وە لەگەڵ ئەوەدا حەمدانییەکان عەرەبیش بوون، بەڵام خەڵکی شارەکە پشتی میر(باد)یان گرتووە(عبدالرقيب يوسف1972، ص108)، کە ئەمەش دەتوانرێت بەوە لێك بدرێتەوە میر(باد) هەڵگری پەیامی دادگەری و ئایینی بووبێت.

هـ- توێژەرێك ئاماژەی بەوە داوە، کە هەوڵی میر (باد) بۆ دەست گرتن بەسەر (بەغدا) دوای شاری (موسڵ)(أبن العبري1994، ص300)، بۆڕزگارکردنی چەقی خیلافەت(بەغدا) بووە لەدەستی ستەم و زۆرداری (بوەیهییەکان)و دەرهێنانی خەلیفەی عەبباسی بووە لەنێو ئەو سوکایەتی پێکرانەی کە بووبووە کەرەستەی یاری دەستی بوەیهییەکان(الخليل، ص244). ئەم بۆچوونەش دەتوانرێت بەوە لێکبدرێتەوە کە هەستە ئایینییەکەی پاڵی پێوەنابێت بۆنواندنی ئەو دڵسۆزییە بۆخەلیفەی عەبباسی، دیارە دەسەڵاتی عەبباسیش زیاتر هەڵگری مۆرکی ئایینی بووە، وە لەسەردەمی دووەمی عەبباسییەوە ئەگەرچی خەلیفە دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکاندا نەبووەو چەندین میرنشین و دەوڵەت و دەسەڵاتی لامەرکەزی دروست بوون، بەڵام خەلیفە دەسەڵاتی ڕۆحی و ئایینی لەدەست نەدابووەو ئەو دەسەڵاتانە دانیان بە دەسەڵاتی ڕۆحی خەلیفەدا دەنا(محمد سهل طقوش، 2005، ص157).

و- ئەوەی کە خاڵی پێشتر زیاتر دەچەسپێنێت ئەوەیە، کە کاتێ لە ڕووداوەکانی ساڵی (380ك/990ز)، لەو شەڕەدا کە هەوڵی دووەمی بوو بۆ گرتنی شاری (موسڵ) میر(باد) دەکوژرێت و لاشەکەی دەکەوێتە دەست بوەیهییەکان، ئەوانیش لاشەکەی دەشێوێنن و دەیبەن لە خانەی میرایەتی (دار الاماره)دا هەڵی دەواسن، بەڵام خەڵکی (موسڵ) ناڕەزاییان دەربڕی و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ میر (باد) نیشاندا و وتیان پیاوێکی غەزاکار (غازی) ڕەوا نییە وای لەگەڵ بکرێت، پاشان هێنایانە خوارەوەو شوشتیان و نوێژیان لەسەر کرد و کفنیان وکردوو ناشتیان، وە زۆر خەفەتبار بوون و ماتەمینییان ڕاگەیاند و بۆی گریان(الروذراوردي، 58/3، أبن الاثير، 443/7)، لێرەدا چەمکی غەزاکار (غازی)، چەمکێکی ئایینییە و لە ڕووداوەکەشدا وا دەردەکەوێت، کە ئەمە هۆکاری خۆشەویستی و خەفەتباری خەڵکی شاری (موسڵ) بووبێت بۆی.

ز- هەروەها ئێمە لە دیدی خەلدونیدا ئەوەمان خستە ڕوو، کە ئەو دەمارگیرییەی بۆتە هەوێنی گەشەی شارستانی و دەمارگیرییەك بووە، کە هەڵگری بانگەواز و پەیامی ئایینی بێت، ئەگینا لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو گەشەی شارستانی بەرێت بە پێچەوانەوە بووەو هۆکاری وێراکاری و تێکدانی شارستانییەت، هەروەك نموونەشی بە (بەنو سولەیم) و( بەنو هیلال) هێنایەوە.

## ئەنجام

بەمەبەستی بەراوردکردنی بۆچوونی بیرمەندی ئیسلامی (ئیبن خەلدون)، کە لەسەر (دەرماگیری)یە، بە دەسەڵاتێکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست، کە دەوڵەتی (دۆستەکی مەروانی) بووە، دوای گەڕانەوە بۆ زیاتر لە (سەد) سەرچاوەی کۆن و نوێ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1.(ئیبن خەلدون) دوای چەند سەدەیەك لە مێژووی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئیسلام و جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمەکەی خۆی و دوای خوێندنەوەیەکی وورد بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە و کۆمەڵگای عەرەبی سارانشینی و دەشتەکی، گەیشتە ئەوەی کە زۆرینەی ئەو دەسەڵاتانە لەسەر بنەمای دەمارگیری هۆزایەتی و خێڵەکی و بنەماڵەیی بنیاتنراون و تەنیا ڕووپۆشێکی ئایینییان وەبەردا کراوە.

2. بنەڕەتی دەمارگیری لای ئەو بیرمەندە، هۆکاری پێویستبوونی بنەماڵە و هۆز و تیرە و خێڵەکان بووە بە یەکتری. هۆکاری ئەو پێویستییەشی بە لایەنی ئابووری گەڕاندۆتەوە، کە وای لەو بنەماڵە و هۆز و تیرە و خێڵانە کردووە، لەپێناو دەست گەیشتنیان بە ژیانێکی باشتر و گوزەرانێکی باشتر بیر لەو هاوپەیمانییەتییە بکەنەوە، تا دواجار شەڕی ئەوانە بکەن، کە هۆکاری زەوتکردنی داهات و سامانەکانیان بوون، یان لە پشت سامان و داراییەکی باشەوە بوون. بۆ سەرکەوتن لەو شەڕ و

ململانێیەشدا بیری دەمارگیری سەری هەڵداوە و بناغەی دامەزراندنی دەوڵەت و مانەوە و شکستی لەسەر وەستاوە.

3.دەوڵەتی دۆستەکیش وەك یەکێك لە دەسەڵاتە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەهەمان شێوەی دەسەڵاتەکانی سەردەمەکەی و پێش خۆی، کەوتبووە ژێر کاریگەری دەماگیری بنەماڵەیی و هۆزایەتی سەردەکەی.

4. میر (باد) وەك دامەزرێنەری دەوڵەتەکە لە هۆزی (بوختی) کوردی هەر لەسەر ئەو بنەمایە و دوای پشتبەستن بە ئەندامانی هۆزەکەی و کۆبوونەوە لە دەوری، توانیان بە هەوڵی ئەو میرە دەوڵەتەکەیان بنیات بنێن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبە پیرۆزەکان:**

قورئانی پیرۆز.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**سەرچاوە کۆنەکان:**

ابن الأثير، عزالدين أبوالحسن على بن محمد بن عبدالكريم الجزري. (1987). الكامل فى التاريخ، ط1، دار الكتب العلميه: بيروت، لبنان.

الاصطخري، أبواسحاق محمد بن ابراهيم الفارسى. (1937).مسالك الممالك، (د.ط)، مطبعة بريل: ليدن، (هولندا).

ابن ابي أصيبعه، الطبيب موفق الدين أبوالعباس احمد بن القاسم الخزرجي. (د.ت).عيون الانباء فى طبقات الأطباء، تح: نزار رضا، (د.ط)، دار مكتبة الحياة: بيروت، لبنان.

الانطاكي، يحيى بن سعيد (1990). تاريخ الانطاكي (المعروف بصلة تاريخ اوتيخا)، تح: عمر عبدالسلام تدمرى، (د.ط)، جروس برس: طرابلس، لبنان.

البخاري، محمد بن اسماعيل. (2001). صحيح البخاري، ط1، دار أبن كثير: بيروت، لبنان.

ابن تغرى بردي، أبوالمحاسن جمال الدين يوسف بن الأمير سيف الدين (1992). النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهره، تح: محمد حسين شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

ابن الجوزي، أبوالفرج عبدالرحمن بن على (1992). المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

الحاكم، ابوعبدالله الحاكم النيسابوري (1997). المستدرك على الصحيحين، تح: مقبل بن هادى الوادعي، ط1، دار الحرمين للطباعة والنشر والتوزيع: القاهرة، مصر.

أحمد بن حنبل، ابو عبدالله احمد بن محمد بن حنبل الشيباني الذهلي (1429). مسند الامام احمد، (د.ط)، دار المنهاج: الرياض، المملكة العربية السعودية.

إبن خلدون، ابوزيد عبدالرحمن بن محمد (2001). تاريخ ابن خلدون المسمى ب(ديوان المبتدأ والخبر فى تاريخ العرب و البربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الاكبر)، (د.ط)، دار الفكر- بيروت، لبنان.

أبن خلدون. (2005). المقدمة، تحقيق وتقديم وتعليق: عبدالسلام الشدادى، ط1، خزانة إبن خلدون: دارالبيضاء، لبيبا.

إبن خلكان، ابوالعباس شمس الدين احمد بن محمد (د.ت). وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، (د.ط)، دار صادر: بيروت، لبنان.

الدواداري، أبوبكر بن عبدالله بن أيبك (1961).كنز الدرر وجامع الغرر، تح: صلاح الدين المنجد، (د,ط)، مطبعه التأليف والترجمة والنشر: القاهرة، مصر.

أبن قتيبه الدينوري، أبومحمد عبد الله بن عبد المجيد بن مسلم بن قتيبه (1981). المعارف: تح: پروت عكاشة، ط4، دار المعارف: القاهرة، مصر.

الذهبي، شمس الدين بن محمد بن احمد بن قايماز. (1994). تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ط1، دار الكتاب العربي: بيروت، لبنان.

الذهبي. (1985). العبر فى فى خبر من غبر، تح: ابو هاجر محمد السعيد بن بسيونى زغلول، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

الروذراوردي، أبوشجاع محمد بن الحسين ظهيرالدين. (1961). ذيل تجارب الامم، (د.ط)، شركة التمدن الصناعية: القاهرة، مصر.

الشنتريني، أبوالحسن على بن بسام. (1979). الزخيرة فى محاسن اهل الجزيرة تح: احسان عباس، ط1، دار الثقافة للطباعة والنشر والتوزيع: بيروت، لبنان.

الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك. (1982). الوافي بالوفيات، ط2، دارالنشر فرانز شتايز: ڤيسبان، المانيا.

الطبراني، أبوالقاسم سليمان بن احمد. (1995). المعجم الاوسط، تح: طارق بن عوض الله بن محمد و عبدالمحسن بن ابراهيم الحسينى، (د.ط)، دار الحرمين للطباعه والنشر والتوزيع: القاهرة، مصر.

الطبري، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب. (1994). تفسير الطبرى، تح: بشار عوادى معروف و عصام فارس الحرستاني، ط1، مؤسسة الرسالة: بيروت، لبنان.

ابن عبد ربه، احمد بن محمد الاندلسى. (1983). العقد الفريد، تح: عبدالمجيد الترحيني، ط1، دارالكتب العلمية،: بيروت، لبنان.

ابن العبري، غريغوريوس أبوالفرج بن هارون الملطى. (1994). تاريخ مختصر الدول، ط2، دار الرائد اللبناني: بيروت، لبنان.

ابن العديم، كمال الدين أبى القاسم عمر بن احمد. (د.ت). بغية الطلب فى تاريخ حلب، تح: سهيل زكار، (د.ط)، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع: بيروت، لبنان.

ابن عساكر، ابوالقاسم على بن الحسن بن هبة الله. (1993). الاربعون البلدانيه، تح: عبدوالحجاج محمد الحريري، ط1، بيروت، لبنان.

ابن العماد، شهاب الدين أبوالفلاح عبدالرحمن بن أحمد بن محمد العكرى الحنبلى الدمشقى (1991). شذرات الذهب فى أخبار من ذهب، تح: محمود الأرناؤوط، ط1، دار ابن كثير: دمشق- سورية.

ابن العمراني، محمد بن على بن محمد. (1999). الانباء فى تاريخ الخلفاء، تح: قاسم السامرائي، ط1، دار الآفاق العربية: القاهرة، مصر.

الفارقي، احمد بن يوسف بن على بن الأزرق (1959). تاريخ الفارقي، (د.ط)، الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، القاهرة، مصر.

ابوالفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر (د.ت). المختصر فى أخبار البشر، ط1، مطبعة الحسينية المصري: القاهري، مصر.

ابن فضل الله العمري، شهاب الدين احمد بن يحيى (2010). مسالك الابصار فى ممالك الامصار، تح: كامل سلمان الجبوري، دارالكتب العلمية: بيروت، لبنان.

أبن فضل الله العمري. (1988). التعريف بالمصطلح الشريف، تح: محمد حسين شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (د.ت). اثار البلاد فى أخبار العباد، (د.ط)، دار صادر: بيروت، لبنان.

القلقشندي، أبو العباس شهاب الدين احمد بن علي بن احمد (1915). صبح الاعشى في صناعة الانشاء، (د.ط)، دار الكتب الخديوية: القاهرة، مصر.

ابن كثير، عماد الدين أبي الفداءو اسماعيل (2003). البداية والنهاية، ط1، مكتبة الصفا: القاهرة، مصر.

الماوردي، أبوالحسن على بن محمد بن حبيب البصري (1989). الاحكام السلطانية والولايات الدينية، تح: أحمد مبارك البغدادي، ط1، مكتبة دار ابن قتيبه: الكويت، الكويت.

مسكويه، أبوعلى محمد بن احمد بن يعقوب (2003). تجارب الامم وتعاقب الهمم، تح: سيد كسروي حسن، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

المقريزي، تقى الدين احمد بن على (1988). المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والأثار المعروف بالخطط للمقريزي، تح: محمد زينهم و مديحه الشرقاوي، (د.ط)، مكتبة مدبولي: القاهرة، مصر.

ابن منظور، أبوالفضل جمال الدين محمد بن مكرم (2008). لسان العرب، ط6، دار صادر: بيروت، لبنان.

ابويعلى الفراء، محمد بن الحسين الفراء الحنبلى (2000). الاحكام السلطانيه، (د.ط)، دارالكتب العلميه: بيروت، لبنان.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله (1977). معجم البلدان، (د.ط)، دار صادر: بيروت، لبنان.

**سەرچاوە نوێیەکان:**

أحمد محمود خليل. (2013). تاريخ الكرد فى العهود الاسلامية، ط1، دار اراس للطباعه والنشر: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

اسماعيل شكر. (2001). الامارة الشدادية الكردية فى بلاد اران( 340-595هـ/951-1198م)، ط1، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

الافغاني، جمال الدين. (2002). خاطرات الافغاني -اراء و أفكار-، أعداد وتقديم: سيد هادي خسرو شاهي، ط1، مكتبة الشروق الدولية: القاهرة، مصر.

ئاميدى، كوڤان. (2006). الكرد فى كتابات المؤرخ ابن الاثير الجزري دراسة تحليليه، ط1، دار سبيريز للطباعة والنشر: أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

إيغلتون، ويليام. (2006). القبائل الكردية، تر: احمد محمود الخليل، ط1، مؤسسة موكريانى للطباعه والنشر: أربيل، كوردستان أقليم كردستان العراق، العراق.

البابيرى، حكيم عبدالرحمن. (2010). الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لأبن خلدون، (د.ط)، الاكاديمية الكردية: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

بولانديان، ارشاك. (2013). الكرد فى حقبة الخلافة العباسية، ط2، دار الفارابي، بيروت و دار اراس: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

الجابري، محمد عابد. (1994). فكر ابن خلدون العصبية الدولة معالم نظرية خلدونية فى التاريخ الاسلامي، ط6، مركز دراسات الوحدة المربية: بيروت، لبنان.

الجبر، محمد. (2012). ابن خلدون و فلسفة الحكم - قراءة معاصره ، جريدة الاسبوع الأدبى، ع (1282)، اتحاد الكتاب العرب: دمشق، سوريه.

جلبى، روندك جبار. (2013). الكرد والحمدانيون (254-414هـ/868-1023م)دراسه فى العلاقات السياسيه والحضارية، (د.ط)، الاكاديمية الكردية: أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

جمال رشيد احمد. (1994). لقاء الاسلاف الكرد واللان فى بلاد الباب وشروان، ط1، رياض الريس للكتب والنشر، (د - م).

الحجاوي، أيمن فتحى. (2012). ابن خلدون والمادية التاريخية، المؤتمر الدولى "ابن خلدون علامة الشرق والغرب"، جامعهة النجاح الوطنية: نابلس، فلسطين.

الحصري، ساطع. (1967). دراسات عن مقدمة ابن خلدون، ط3، دار الكتاب العربي: بيروت، لبنان.

حميش، سالم. (1998). الخلدونية فى ضوء فلسفة التاريخ، ط1، دار الطليعه: بيروت، لبنان.

الخضري، زينب. (1989). فلسفة التاريخ عند ابن خلدون، (د.ط)، دار الثقافة والنشر: القاهرة، مصر.

الداقوقي: ابراهيم واخرون. (2007). عشائر كردستان، ط1، كاوا للنشر والتوزيع: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

الدراجى، بوزيانى. (2003). العصبية القبلية ظاهرة أجتماعية و تاريخية (على ضوء الفكر الخلدوني)، ط1، دار الكتاب العربي: الجزائر، الجزائر.

زامباور. (1980). معجم الانساب الاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامى، تر: زكى محمد حسن بك و حسن احمد محمود واشترك في ترجمه بعض الفصول سيدة اسماعيل كاشف و حافظ احمد حمدى، (د. ط)، دار الرائد العربي، بيروت، لبنان.

زرار صديق توفيق. (2007). القبائل والزعامات الكردية في العصر الوسيط، ط1، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر: أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

سعدون عباس نصرالله. (1987). دولة الادارسة في المغرب، ط1، دار النهضة العربية للطباعه والنشر: بيروت، لبنان.

سلطان، جاسم محمد. (2001). فلسفه التاريخ الفكر الاستراتيجي في فهم التاريخ، ط1، مؤسسة أم القرى للترجمه والتوزيع: القاهرة، مصر.

شاتليه، أ. ل. (1387ه). الغارة على العالم الاسلامي، ترجمة و تلخيص: مساعد اليافي و محب الدين الخطيب، ط2، جدة، السعودية.

الشكعة، مصطفى. (1992). الاسس الاسلامية في فكر ابن خلدون ونظريته، ط3، الدار المصرية اللبنانية: القاهرة، مصر.

الصلابي، علي محمد. (2006). الدولة الفاطمية، ط1، مؤسسة اقراء للنشر والتوزيع والترجمة: القاهرة، مصر.

طقوش، محمد سهيل. (2005). تاريخ الدولة العباسية، ط5، دار النفائس: بيروت، لبنان.

طه حسين. (1925).فلسفة ابن خلدون الاجتماعية تحليل ونقد، ت: محمد عبدالله عنان، ط1، مطبعة الاعتماد: القاهرة، مصر.

عبدالسلام، زنار. (2007). ابن عبري مصدرا لدراسة تاريخ الكرد، ط1، مؤسسة سبيريز: دهوك، أقليم كردستان العراق، العراق.

عبدالعليم عبدالرحمن خضر. (1993). المسلمون وكتابة التاريخ دراسة في التاصيل الاسلامي لعلم التاريخ، ط1، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، هيرندن: فيرجينيا-الولايات المتحدة الامريكية.

العلواني، احمد. (1981). الدولة الحمدانية، ط1، المنشأة الشعبية للنشر والتوزيع والاعلان والمطابع: طرابلس، ليبيا.

علي، وفاء محمد. (د.ت). الخلافة الاسلامية في عهد تسلط البويهيين، (د.ط)، المكتب الجامعي الحديث، اسكندرية، مصر.

فائزه محمد عزت. (د.ت). الكرد في إقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام (16-132هـ/637-749م) دراسة في التاريخ السياسي، (د.ط)، مطبعة خاني: دهوك، أقليم كردستان العراق، العراق.

قادر محمد حسن. (2011). الامارات الكردية في العهد البويهي، ط1، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

لسترنج، كي. (1985). بلدان الخلافة الشرقية، تر: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، ط2، مؤسسة الرسالة: بيروت، لبنان.

المائي، أنور. (1960). الاكراد في بهدينان، (د.ط)، مطبعة الحصان: الموصل، العراق.

المباركفوري: صفي. (2000). الرحيق المختوم، (د.ط)، دار الفكر: بيروت، لبنان.

محمدامين زكي بك. (2010). مشاهير الكرد وكردستان، أع: رفيق صالح، (د.ط)، بنكەی ژین: السليمانية، أقليم كردستان العراق، العراق.

محمود شاكر. (2010). التاريخ الاسلامي، ط6، المكتب الاسلامي: بيروت، لبنان.

مرجونة، ابراهيم محمد علي. (2010). تاريخ الاكراد (دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية، (د.ط)، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، مصر.

المغربي، عبدالغني. (1988). الفكر الاجتماعي عند ابن خلدون، تر: محمد الشريف بن دالى حسين، (د.ط)، المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية: الجزائر، الجزائر.

الملاح، هاشم يحيى. (2007). المفصل فة فلسفة التاريخ، ط1، دار الكتب العلمية: بيروت، لبنان.

الميلي، مبارك بن محمد. (د.ت). تاريخ الجزائر في القديم والحديث، (د.ط)، المؤسسة الوطنية للكتاب: (د - م).

النبهان، محمد فاروق. (1998). الفكر الخلدوني من خلال المقدمة، ط1، مؤسسه الرساله: بيروت، لبنان.

النشار، مصطفى. (1999). تكور الفكر السياسى القديم من صولون حتى ابن خلدون، ط1، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع: القاهرة، مصر.

اللهيبي، فائز صالح محمد. (2008).الفكر السياسى بين الاسلام والغرب (النظرية والتطبيق)، ط1، دار النهج: حلب، دمشق.

هروری، صلاح. (2000). إمارة بوتان فى عهد الامير بدرخان(1236-1263ك/1821-1847م)، ط1، مؤسسة موكرياني للكباعه والنشر: اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق.

يوسف، عبدالرقيب. (1972). الدولة الدوستكية فى كردستان الوسكى، ط1، مطبعة اللواء: بغداد، العراق.

يوسف عبدالرقيب. (1975). حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ط1، مطبعة الحوادث ،بغداد، العراق.

**دووەم: سەرچاوەكان بەزمانی كوردی:**

بابان، شوكرولا. (2004). مێژووی كورد و كوردستان، (ب.ج)، وەزارەتی رۆشنبیری- بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوە: (ب- ش).

بەدلیسی، شەرەفخان. (2006). شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی كوردستان، و: هەژار، چ3، دەزگای ئاراس: هەولێر، هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق.

بابان زادە، كامەران. (2012). دامەزراندنی چەند میرنشینێكی كورد لە هەردوو سەدەی (8و9ك/14و15ز)، (ب. چ)، ئەكادیمیای كوردی: هەولێر، هەرێمی كوردستان عێراق، عێراق.

بابان زادە. (ب.چ). دەوڵەتی دۆستەكی لە كتێبی (دیریكی پێشكەوتن)ی حوسێن حوزنی موكریانی (توێژینەوەیەكی شیكارییە)، بابەتێكی بلاونەكراوەیە

برونەسن، مارتین فان. (1999). ئاغا و شێخ و دەوڵەت، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی، هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق.

بوركای، كمال. (2008). كوردو كوردستان لەسەردەمی باستانەوە تا جەنگی جیهانی یەكەم، چ1، دەزگای وەرگێران: هەولێر، هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق.

حەمە كەریم عارف. (1998).كورد لە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلامییدا، (ب. چ)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر: هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق.

چەلەبی، ئەولیا. (1979). کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا(سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)، (ب. چ)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغدا، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

زەینەڵ، ئاراس فەریق. (2012). پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا (334-447ك/945-1055ز)، (ب. چ)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی: سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

زرار صدیق تۆفیق. (2010). کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامییدا(16-656ك/637-1258ز)، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

شەمسەدین سامی. (2010). کورد و کوردستان لە یەکەم ئینسایکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا،و: ئەحمەد تاقانە، چ2، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

شێروانی: تەحسین عەلی ئیسماعیل. (2009). هۆزی شێروانی لە مێژوودا، (ب. چ)، چاپخانەی دارا: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

کامەران عەزیز عەبدوڵڵا. (2012). هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسییدا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

موحەممەد ئەمین زەکی بەگ. (2012). خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمرۆ، (ب.چ)، بنکەی ژین: سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

موکریانی، حوسێن حوزنی (2007). سەرجەمی بەرهەمەکانی حسێن حزنی، چ1، دەزگای ئاراس: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

نیشتیمان بەشیر. (2006). کورد و سەلجوقییەکان لیکۆڵینەوەیەك لە پەیوەندییە سیاسییەکان(420-521ك/1029-1127ز)، و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چ1، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

هاوار، موحەممەد ڕەسوڵ. (2006). کورد و کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، چ2، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەو وەرگێڕان، ( ب- ش).

لازاریف، ن. (2012). مێژووی کورد و کوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چ5، دەزگار چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

یاسین صابر صالح (2005). ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

**سێیەم: نامە زانستییەکان:**

**ا. بەزمانی عەرەبی:**

التكريتي، محمود ياسين. (1970). الامارة المروانية (في دياربكر والجزيرة)، رسالة، جامعة بغداد، كلية الآداب، بغداد، العراق.

سجيني، فايزە محمد صالح امين. (1980-1981). غزو بنى هلال و بنى سليم للمغرب، رساله ماجستير، جامعة الملك عبدالعزيز، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، قسم التاريخ الاسلامي، مكة المكرمة، السعودية.

**ب- بەزمانی کوردی:**

هەورامی، خالید عەلی ڕەسول. (2010). (سبط ابن الجوزي و کورد) لە کتێبەکەی (مرأة الزمان في تاريخ الاعيان)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

**چوارەم: گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

**بە زمانی عەرەبی:**

غوردو، عزيز. (2008). مدخل لقراءة ابن خلدون: أسئلة في المنهج والنظرية، دورية كان التاريخية، العدد (2)، (د.م).

**ب- بە زمانی کوردی:**

فوزيه يوسف فتاح. (2000). علاقات العقيليين بالموصل مع الامراء والقبائل المجاورة، گۆڤارا زاکۆیا دهوك، ژ(2)، پرپەندا (1)، دهوك، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق.

ئاکۆ بورهان موحەممەد (2008). میرنشینی مەروانی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(8)، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق،عێراق.